حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژ پەروەردەی بنەڕەت

بەشی کوردی

# هێما لە شێوە عیرفانیەکانی بێخودا

توێژینەوەیەک لە لایەن:

شکار محمد قادر

پێشکەش بە بەشی کوردی  زانکۆی سلێمانی دەکات وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

بەسەرپەرشتی

م. سنور قادر

٢٠٢١ - ٢٠٢٢  زاینی

٢٧٢١-٢٧٢٢ کوردی

## بەڵێن نامەی ڕادەست کردنەوەی توێژینەوەی دەرچون بەبەش

| ژ | ناوی سیانی | شكار محمد قادر |
|---|---|---|
| ١ | ناونیشانی وەزیفی | هێما لە شێوە عیرفانیەكانی بێخودا |
| ٢ | ساڵی خوێندن | ٢٠٢٢-٢٠٢١ |
| ٣ | ژمارەی تۆمار | |

**خوێندكاری بەڕیز ئەم خاڵانە بخوێنەرەوە ، دوای ڕازی بونت واژۆی بكە:**

١.بەڵێن دەدەم كەبەهیچ شێوەیەك توێژینەوەكەم بەڕێگەی نارەوا نەنوسیوە و ئەنجام نەداوە، لەشێوەی غەش و دزینی بیرۆكەو نوسین-داتا وگراف-نەخشەو وێنەو هەر ناوەرۆك و بابەتێك لەسەرچاوە جۆر بەجۆرەكانەوە بەبێ ئاماژە كردن بۆ سەرچاوەكەی.

٢. بەڵێن دەدەم كە خۆم  خاوەن و نوسەری توێژینەوە-پرۆژەكەمم . لەهیچ كەس و ناوەندو وێبسایتێكوەرم نەگرتوەو نەم كڕیوەو  وەرم نەگێڕاوە.

٣. بەڵێن دەدەم كەپێشتر ئەم پرۆژەو توێژینەوەیە لەلایەن خۆم و كەسانی دیكەوە پێشكەشی هیچ دەزگاو ناوەندو بڵاوكراوەیەك نەكراوە.

٤. بەڵێن دەدەم كە بابەتەكەم مافی كەسانی دیكەی پێوەنیە، بۆنمونە بەهاوبەشی بوبێت و ناوی هاوبەشەكەم لابردبێت هەروەها پێشتر بۆ هیچ دەزگاو ناوەند و بۆ بەدەستهێنانی هیچ پلەیەكی زانستی نەمنوسیوەو بڵاوم نەكردوەتەوە.

٥. بەڵێن دەدەم كە پەنام نەبردوەتەبەر گزی و قۆپیەو كۆكردنەوە لەسەرچاوەكانەوە ، هەروەها پرۆژەكەم لەبەرگرتنەوەو مۆنتاژی سەرچاوەكان نیەو كاری خۆمە.

**لەم خاڵانەی سەرەوە تێگەیشتم و بەرپرسیارم بەرامبەریان لەهەركاتێكدابێت**

واژۆ

بەروار        /     /  ٢٠٢٢

**بابەت/ هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی دەرچوون:**

**ئێمە کەواژۆ و ناومان لای خوارەوە هاتووە ئەرکی گفتوگۆی ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی(                    )کە لەلایەن خوێندکار**

**(          )**

**لە هۆڵی (                    ) لە ڕێکەوتی:   /      /**

**کاتژمێر:**

**بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا....**

**لیژنەی گفتوگۆ**

**هەڵسەنگێنەری زانستی**

**هەڵسەنگێنەری پەروەردەیی**

**سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندنی بەشی**

**/    /٢٠٢٢**

**پێشکەشە بە :**

. هەموو ئەو خەباتگێڕ و پێشمەرگانە کە لەپێناو نەتەوەی گەلێک گیانی خۆیان سپارد

. بۆگشت ئەو کەسایەتیانەی کە هەردەم لەپێناو زانستدا هەوڵدەدەن و مەبەستیانیشە کەفێربن

.

. خەم خۆر و دڵسۆزانەبن ئەو مامۆستایانەن کەسوودم لێوەرگرتوون ، سەنگی محەک دەکاتەوە و گیانی هاوکارییان تێدایە

. زمانی کوردی لە زانکۆ سلێمانی .

. بەوانەی کەلەپێناو خزمەت کردنی و جوانکردنی وڵاتن و کۆمەڵگادا تێدەگۆشن ،

**سوپاس و پێزانین :**

. سوپاس بۆ خودای مەزن و دلۆڤان.

.سوپاس بۆ هەموو مامۆستایانەی کە لەقۆناغەکانی خوێندنم هاوکار و پاڵپشتم بوون .

. سوپاس بۆ دایک و باوکم کەلە پرۆسەی خوێندنم دا پاڵپشتم بوون .

. سوپاس بۆ ئەو هاورێیانەی کە پاڵنەرێکی باش بوون بۆم .

. هەموو ئەوانەی یارمەتی دەرم بوون بەزانیاری و پاڵپشتەکانیان بەتایبەت :

(م . کامەران سیوەیلی ، م . محمد ، م . پەری عومەر ، م . تەحسین حمە غەریب)

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| أ | پێشکەش |
| ب | سوپاس و پێزانین |
| ج | ناوەڕۆک |
| ١ | پێشەکی |
| ١ | ناونیشانی سنووری لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | هۆکاری پەیوەست بە هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| | ئامانجی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | گرفتی بەردەم لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | دیاریکردنی بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| | بەشی یەکەم |
| ٣ | ١/ هێما (ڕەمز) |
| ٥ | ٢/ چەمکی هێما لە ئەدەبدا |
| ٦ | ٣/ زاراوەی ڕەمز |
| ٨ | ٤/ مێژووی سەرهەڵدانی ڕەمز و بەکارهێنانی |
| ٩ | ٥/ هێما لە ئەدەبدا |
| ١١ | سەرەتای هێما لە چیرۆکدا |
| ١٢ | هێما لە شیعری کۆنو نوێدا (کلاسیک) |
| ١٦ | بەکارهێنانی ڕەمز |
| ١٨ | عیرفان و تەخەوف |
| ١٩ | پەیوەندی نێوان عیرفان و ئایین |
| ٢٠ | تەصەوف و عیرفان خاڵی هاوبەش و جیاوازەکانیان |
| ٢١ | پەیوەندی هێما بە شعری عیرفانیەوە |
| | بەشی دووەم |
| ٢٦ | هێما لە شعرە عیرفانیەکانی بێخود |
| ٢٧ | ١- هێمای ئایین |
| ٣٠ | ٢- هێمای ئەفسانەیی |
| ٣٢ | ٣- هێمای کۆمەڵایەتی |
| ٣٤ | ٤- هێمای مێژووی |
| ٣٥ | هێمای شیعری عیرفانی لای شاعیرانی فارس |
| ٣٦ | ١- حازی شیرازی |
| ٣٨ | ٢- مەولانا چەلالەدین ڕۆمی |
| ٣٩ | هێما لای شاعیرانی کورد (پێش بێخود) |
| ٤٠ | هێما لای مەحوی |

| | |
|---|---|
| ٤٢ | هێما لای وەفایی |
| ٤٣ | هێما لا نالی |
| ٤٤ | ژیاننامە (بایۆگرافی) بێخود |
| ٤٥ | ئەنجام |
| ٤٧ | سەرچاوە |

## پوختە

وەک دیار و ئاشکرایە لە سەرەتای دەست پێکردنی هەرکارێکدا، لە پێناو کۆمەڵێک مەبەست و ئامانجێکدا هەوڵ دەدرێت وە لەگەڵیدا بەپێی پلانێکی باس و تۆکمە ودەگەینە باشترین ڕێگە چارە بۆ ئەوەی لە جۆریەتی ئیشکردنەکە و ئاڕاستە کردنی کارەکەت تێدا ڕوون و بەرچاو بێت. سەبارەت بە دەستنیشان کردنی ئەم ناونیشانە. سەرەتای دەستپێکی ئەم ناونیشانێکە و ئەمە جگە لەوەی کە خۆم ئارەزووی ئەوەم کردووە چۆن کاربکەم و شێوازی وەرگرتن و بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکە ئاشنابم، زۆر زیاتر لەوەی ئامانجی سەرەکی ئەوە بووە کەلە کۆتایی کارەکەدا بتوانم وبتوانم زۆر ئەزموون وەربگرم بە تەواوی ناونیشان و سەرجەم لایەنەکانی ئاشنابم و هەوڵ بدەم لە چوارچێوەی کارکردنی ئەم ناونیشانێکی گرنگ وەکو ئەمە هەڵبژاردەی خۆم بوو، کەلە پێناو هەر شتێک کاربکەم ماندوو نەبم و نەتیجەی بەرهەمەکەی دیارو بەرچاو بێت لێرەدا.

### بایەخی بابەتەکە:

هەوڵێکی ئاشکرایە، کە دەتوانین بڵێن بێخودی شاعیر بەیەکێک لە شاعیرە دیارەکانی سەردەمی کلاسیک دادەنرێت کەسایەتیکی بەهێز و ناوداری ناو دونیایی ئەدەبیات، هەژمار دەکرێت بەهۆی هەوڵ و کارکردنی کەمی ئەم شاعیرە وە خوازیاری بابەتێکی گرنگی جیاوازی شاعیر بووین لە ڕوی شی کردنەوەی و ئاشنابوون بە ژیانەوە تێکستە شعریەکانی هەروەها لە نێوانیاندا جۆری شعرەکانی وەرگرتنی واتاو مەبەستی حاڵەتێکە جەوهەری و بنەڕەتی دادەنرێت بۆ ئاشنابوونی.

### نوێکاری لە بابەتەکە:

ئەوەندەی زانرابێت- هەر لەسەرەتای دەستپێکی ئەم بابەتەدا بە شێوەیەکی گشتی شتی کەم کراوە دەربارەی دەقە شعریەکان بە گشتی و بەتایبەت لەگەڵیدا دیاریکردنی هێماو لەناو دیوانی شاعیرەوە لە ناویشیاندا جیاکردنەوەی جۆری ئەو هێمایانەی کە شاعیر ئاماژەی پێکردوون، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەرفەت و کارێکی نوێیە. هەروەها لەلایەنێکی جوانکاری شعرەکە دادەنرێت بە هۆی هێماکانەوە.

## بیرۆکەی بابەتەکە:

بە شێوەیەکی گشتی کە لە بەشی یەکەمدا هاتووە لە شێوەی تیۆری هێما/ ڕەمزدا دیاریکردنی هەر جۆرە شعری شاعیرێکە کە بۆ چ مەبەستێک دەنوسێت و دەلالەت لە چ دەکات، هەروەها تا سرەوەی و دەرهێنای ئە وشە و دەستەواژانە، کە شاعیر مەبەستی بووە و بەڕەمزی کردووە لە شێوەی هێما دەری خستوون ڕووی واتایی مەبەستی یەکەمی شعرەکەی شاردۆتەوە، ڕووی واتاکەی وەرگێڕاوتە سەر شتێکی تر- لە وەرگرتنی شاعیریکە ناسراویە وەک ( بێخود) دەرفەت و هەلێکی تری بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە ذەخاتە ڕوو کەلە شاعیرانیش خۆی و لە ەدەقە شعریەکەدا ڕەخساند کە سەرنج و تێڕامانێکە بدرێت لەم لێکۆڵینەوەدا.

## پێکهاتەو گرنگی بابەتەکە:

هەر لەگەڵ وەرگرتنی تێکستە شعریەکان کوردیەکان نەوەستاوە، بە ڵکو بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو باسی سیمای و جۆری شعریە فارسیەکانیش باس کراوە. کەلەم چوار چێوەی بوارەدا شارەزایەکی باشی وەرگرتنی و ئەدەبیات و شعری و چیرۆکەکانە کە تێدا ئەو وشەو دەستەواژانەی کە بەکارهێنراون، لە شێوەی سیمبول و جۆرەناڵینەیەکی نهێنی تێدا دەبیرزێت لە ئەدەبیاتی عرفانی ئیسلامیدا بەتایبەت. خراوەتە ڕوو جیاکراوەتەوە و کە لێرەدا هەوڵێک و ئەنجامێکی  سەرەتایە دادەنرێت، بۆ وەرگرتنی و لە ئەزموون لە پاڵیشیدا ( بێخود) کە زانایەکی موسوڵمان بوو خوا پەرست بووە، ئاشنایەتی لەگەڵ شێخ و تەریقەتی پەیوەندیەکە دڵسۆزانەی هەبووە، لە شعرەکانیدا زاراوەی سیمبول و دەربڕین بەمەبەستی خۆشەویستی بەزدانی ڕاستەقینە و دیاریکراوە، وەک هێمای عرفانی، هەروەها باس کردنی عیرفان. خۆی لە خاڵێکی بنەڕەتی دادەنرێت کە وای کردوە بە دونیای ئەدەبیەتی کورد و فارسی باس بکەین جێگەی باس بەشێوەیەکی تایبەت جەختی لێ بکرێتەوە.

## پێشەکی

### ١/ ناونیشانی و سنووری لێکۆڵینەوەکە:

دیاریکردنی ناونیشان ( هێما( ڕەمز) لە شێوە عرفانەکانی بێخود) دا، لە چوارچێوەی کارکردن لەم بوارەدا، هەوڵ و خوێندنەوەیەکی و ناساندنی بەشێکی لە کارکردنی دەست پێکردن کە لە خاڵی و بەشێکی سەرەتاییەدا دەنرێت. لەسەر بابەتی ( هێما) و ڕەمز و کە بەشێوەیەکی لە سنوری ئەم کارکردنەی توێژینەوەیەدا، تەواو بیناسرێنین، کە بەتایبەتی لای شاعیرەکانی (بێخود)دا، بەشێوەیەکی گشتی جەختکردتەوە بە لەسەر پێناسە، هێما چەمک و زارەوەکەی، مێژووەکەی شیکراوەتەوە لەلایەکی تر هێما بە شێوەیەک لە ئەدەب و شعردا خراوەتە ڕوو جۆرەکانی کراواتە جێ ی باسکردن لەم لێکۆڵینەوەیەدا.

### ٢/ هۆکاری پەیوەست بە هەڵبژاردنی بابەتەکە:

یەکێک لەو هۆکارە دیار و ئاشکراکان دەگەڕێتەوە، بۆ بۆشایی و نەقسەی کردروست بووە بۆ کەمتر کارکردن لە سنوری ئەدەب و شعرەکانی بێخودا کە زۆر کەم شت لە بارەیەوە کراوە بۆ ئەوەی ئاوڕێکی گرنگ بدەینەوە، لەم لایەنەی کە بەتایبەت، بەکارهێنانی هێما لە شعر و باسەکانی بێخود کە بە سۆفیەکی موسڵمان دادەنرێت، شاعرێکی دیارە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا، بە پێویستمان زانی کە لەم بوارەوە، بکۆڵێنەوە و دەرخستنی و ناساندنی ئەم شاعیرە کوردیە کلاسیک دادەنرێت.

### ٣/ ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوە پیشاندانی چەمک و دەستاواژەکانی( واتایە) کەلە شعرەکاندا وێنای کردووە، کەشی کردنەوەی و دیراسەی ئەو هێمایانەی کە بەکارهاتووە، لە بەیتە شعرەکان دروستکردنی ئەو خەیاڵ و وێنایەی کەلە ڕێگەی زمانەوە بەکارهاتووە، بۆ نزیکردنەوەی ئەو حەقیقەتەی کە نوسراون، کە بەشێوەیەکی ناڕاستوخۆ بەکارهاتوون، لە ڕوانگەی شعرەکان و دیاریکردنی جۆرەکانی ئەو هێمایانەی کە باس کراون، هەروەها ئاشنابوونمان بە بابەتی عیرفانی ئیسلامی لە چوارچێوەی ئەو کارکردنەی کەم ئەم توێژینەوەی لەسەر وەستاوە جیاکردنەوەی لە شێواز و بابەتە لە یەک چووە و تێک ئاڵاکردنی ئەم بابەتە، شارەزابوون هەریەک لە شێوازی ئەو شاعیرانەی کورد و فارسدا بەکاری هێناون بۆ چ مەبەستێک کە ئەم بەشەیان پڕاکتیی زیاتر لە خۆ دەگرێت. کە بۆ چ مەبەستێک هەریەکەیانی بەکاری هێناون، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بە خاڵێکی گرنگ و سەرەکی دادەنرێت بۆ وەرگرتنی شارەزایەکی باش بەدەر لە بابەتی توێژینەوەکە بۆ ژیانی ڕۆژانەی دەبێتە، ئەزموون و توانایەکی باش گەرچی بە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ تێگەیشتنی.

## ٤/ گرفتی بەردەم توێژینەوەکە:

لە کاتی دەستپێک بۆ هەر کارێک لەوماوەی دیاریکراوەیدا، ئاشکرایە مرۆڤ تووش چەندین گرفتی جۆراوجۆر و ئاستنگیەک لە ڕێی دا دەبێتر، دەوەستێت، ئەمەش بەپێی جۆری گرفتەکەو چارەکەی بەم شێوازەکەی دەگۆڕێت، کە زۆربەی جار کورتی و کەمی و بەسەر توێژینەوەکە دیاریدەکرێت. هەر بۆیە:- یەکێک لە بوونی ئەو گرفتە سەرەکیەیی کە تووشی بوو، نەبوونی هەرە سەرچاوەی پێویست و بنەڕەت بۆ یەکێک لە پەڕەکانی بەشی یەکەمدا دوای گەڕان و خوێندنەوەیە کەوابێ بۆی. ٢_ زۆر جار بە هۆی توانای تاکە کەسی خۆمەوە، بە شێوەیەکە تەواو کات و گەڕانەکانم لە کتێبخانەکان تقدیم کردن دەکرا: کە ئەرک و وانە خوێندن و کاتەکە بەش نە ئەکرا. لە هەمان کاتدا م. سەرپەرشتیارم. و عتبارەی کە اقطصادیە لەم ناونیشانەی منەوە نزیک نەبوو، وەک پێویست نەمان توانیوە باس لە سەرجەم لایەنەکانی توێژینەوەکە بکەم کە ناچار هانام بۆ مامۆستای ترم بردووە بە پێی مەجال. نەمان توانی بێ وەک پێویست لە یەکتری تێبگەین و هان بدرێم. ٣_ زیاتر ئەم ناونیشانە لە زمانە بێگانەکان دەست دەکەوتن و خۆیان لەو سەرچاوانە ئەدات بە تایبەت عەرەبی.

## ٥/ دیاریکردنی بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم:

ئەم بەشە توێرییە باسکردنی هێما (ڕەمز) پێناسە و چەمک و زارەوە و مێژووەکەی و هێما لە ئەدەب و شعردا خراونەتە ڕوو. هەروەها باسکردنی عرفان و پەیوەندی بەشعرەوەش کراوەتەوە و عرفانی ئیسلام خودی خۆی باس لێوە کراوە.

بەشی دووەم:

لەم بەشە لە ڕووی پڕاکتیکیەوە، دیاریکردنی هێمایە لە شێوازی شاعیرە کوردیەکان و فارسەکان جۆری ئەو هێمایانە دیاری کراون.

لە پارت کۆتای جەختکراوەتەسەر شعرەکانی بێخود و دیاریکردنی لایەنە هێمایەکانی جێ بەجێ کراوە و شرۆڤەی بۆ شعرەکانی خراوەتە ڕوو لە شێوەی تیۆری.

## بەشی یەکەم

هێما(ڕەمز)

چەمکی هێما لەئەدەبدا

زاراوەی هێما

مێژووی سەرهەڵدانی هێما

هێما لەئەدەب وشیعردا

شعری عیرفان

پەیوەندی هێما بەشیعری عیرفانیەوە

## هێما (ڕەمز )

هێما بریتیە لە بەکارهێنانی وشەیەک جیا لە واتا ڕوکەشەکەی خۆی واتاکەی تری لەناو خۆیدا حەشار دابێت لە شعرە فۆلکلۆرەکاندا ئەم ڕەمز و هێمایانە بەر چاو دەکەون بەو پێیەی کە دیاردە سروشتیەکان پێکهێنەری بەشێکی فراوان و گرنگن بۆ ئەو کەرەستە زمانیانەی کە وەک هێا ئاماژەیان بۆ دەکەین بۆ نموونە، (با، ئاو، بەرد، تەختە، ئاگر، ئالآ ، ڕەشەبا، هەڵکردن) یاخود هەندێ جار بە پێی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیەوە بەندە، واتا هێما کۆی ئەو نیشانەوخۆیەم جوڵە دیاریکراوانەن. بەکارهێنان و دروستبوونی هێماکان لە ناو کۆمەڵەکانی جیهاندا، بە پێی هەرجۆرێک و ناوچەیەک پێگە و ڕۆڵی گرانی هەبووە، لە تێگەیشتن و پەیوەندیەکانی ڕۆژانەی ناو خەڵک و ڕەنگدانەوەیان لە ناو ئەدەب وشیعرەکانیان، لە ڕووی جێبەجێکردنیان و ڕێکخستن و قۆناغەکان هەروەها، هێما بە هەموو جۆرەکانیەوە، بۆ گەیاندنی بیرێکە، بۆ پەیڕەوکردن لە شێوە، خەون و خەیاڵ و هەندێ جار واقعیمان نیشان دەدات و وێنەیەکمان پێ نیشان دەدات، کە ئەسڵی شتەکە نیە و ، دەمان باتە نێو دونیا و پشت ڕوودانی و ئەسڵی بابەتەکە نیشان دەدات. (لە شێوەی واتایەکی شاراوەدا) کە هەندێ جار درکی پێ دەکرێت و ناکرێت بە پێی ئاستی زانیاری مەعریفایەتی کەسایتییەکان. (١) ( نەریمان: ٢٠٠٩، ١٨)

دیاری کردنی سنوری هێما گرانە چونکە هەر زانستێک بە شێوەیەک بەکاری هێناوە، هێما ئەوەیە کە کار لە دەرون دەکات بەو واژانە دەردەبڕدرێت کە ڕانەهاتون پێمان، هێما سەرچاوەکەی ڕاستەو لە حەقیقەت زۆر ڕەوانترە و بە هێزێکی نهێنی مرۆڤ بەرەو لای خۆی پەلکێش دەکات کە حەقیقەت بەو شێوەیە نەیکات (( ئەو پەیامەیە کە لە جهانێکی بێ سنور ئاگادارت دەکاتەوە، هێما بە هێما دانانرێت ئەگەر لە هۆنراوەکەدا دوورت نەخاتەوە ئەو زمانەیە کە هەر لە کوێدا زمانی هۆنراوەکە تەواو دەبێت ئەم دەست پێ دەکات و واتا خوێندنەوەیەکی هۆنراوەکەشە )) (مەحمود، ٢٠٠٩،١٥). بۆیە لێرەدا هێما دەیەوێت پێمان بڵێت کە خاسیەت و سیفەتی لە بەکارهێنانیدا بۆ دەستەواژەی وشە بێت یاخود بەهەموو شێوازە بەکارهێنانەکەی تەعبیر لە شتێک دەکات کە واتا ئەسڵیەکەی خۆی دەشارێتەوە دوو توێی دەکات لەلای نوسەرەوە بە شێوەی نا ڕاستەوخۆ دەیشارێتەوە، ئەمە زیاتر لە هۆنراوەکاندا تێیدایە بەدی دەکەیت بەڵام هەندێک وشەو ئامرازی دیکە کە دەتوانین ناویان بنێین دەنگە سروشتیەکان. کە خۆی لەخۆیاندا بونە هێما وەک لەسەرەوە. (صافیە: ٢٠٠٩، ١٥)

( کیسرا ) و ( جەم ) و ( مەکەن ) و ( حەتەم ) ی هێناوەتەوە وێنەی شعریمان تیا چنیوە ( کیسرا ) و (جەمشید ) هێمان بۆ دەسەڵات و ( مەکەن ) هێمان بۆ ئازای و بەخشندەی دەست ڕۆی (حەتەم ) یش هێمایە بۆ بەخشندەی ، ڕەمز هەروەک ( یۆنگ) دەڵێ ڕێگەیەکە بۆ درکاندنی ئەو دەربڕینانەی کە ناتوانرێ بێ ڕەمز دەریان ببڕین ئەمەش باشترین ڕێگایە کە لەم ڕێگایەوە دەتوانرێت گوزارشت لە شتێک بکەین کە هیچ بنەماو هاوکێشەی کی نیە بۆ دەربڕین )).

## بەشێوەیەکی گشتی ڕەمز دوو واتا دەبەخشێت

١-شتێکە لە جیاتی شتێکی تر

٢-کارتێکردنە لە نێوان دوو شتدا یەکێکیان بەر چاوەو ئەویتریان شاراوەیە ٣-ڕەمز بنەمایەکی گرنگی دەربڕینی شعریە، بەرهەم و لەدایک بوون لادانە واتایەکانە هەرکاتێک پەیوەندی لە نێوان داڵ و مەدلول هەیە، دەستکاری ئەو واتایەی کۆمەڵگا لەسەری ڕێککەوتوە دەگۆڕێت بۆیە لە قین هاوسەنگ نێوان ئەم دوو پێکهاتەیە لە ڕەمزدا خۆی دەنوێنێت کە لە گۆڕین و پێچەوانە کردنەوەی ئەوی دیکە سەرچاوەی گرتوە. خواست و لێکچواندن دوو بنەمای گرنگی دروست بوونی شعرین، گرنگی بەکارهێنانی ڕەمز لە زمانی شعردا جگە لەلایەنە جوانکاریەکەی کوردبڕی کردنی زمانە بەهۆی چڕکردنەوەی واتایەکی گەورە (ئەحمەد: ٢٠١٤، ٤١)، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین هەموو جۆرەکانی ڕەمز لەسەر چەند یاسا و بنەمایەکی هاوبەش پێکهاتووە کە بریتیە لە :

١- هەموو ڕەمزێک گوزارشتە لە شتێک ( واتایەک) بە ناوێکی تر یا وشەیەکی تر .

٢- هەموو ڕەمزێک ئاماژەیەکی تێکچڕژاو .

٣- هەموو ڕەمزێک ڕەگەزێکی واقعی و خەیاڵی هەڵگرتوە. ، کوردستان زیاتر لە ساڵانی سەدەی پێشوودا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیریەوە بە بارو دۆخێکی تایبەت و جیاواز لە ئێستادا ڕۆشتوە، جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و ئێراق ڕوویداوە، کیمیا باران کردنی هەڵەبجە و نەبونی ئازادی ڕادەربڕین، چەوساندنەوە و سەرکوتکردن تاکی کوردی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی شاعیران پەنا بەنە بەر ڕەمز وەک چەکێکی کاریگەر لە گوزارشت کردن لە هزر و هەست و سۆزەکانیان. ( تالب، ٩٤،٢٠٠٠)

پسپۆڕانی بواری ئەدەب پێیان وایە ڕەمز دوو واتا دەبەخشێت (١_ ناو هێنانی شتێکە بەشتێکی تر. ٢_ ئاوێتەبونی دووشت یەکێکیان دیار و ئەویتریان نهێنی و شاراوە ) (بایز :٢٠٠٢ ، ٩١٠) ئەوشێوە دەربڕینەیە کە هەمیشە دوو دیوی هەیە دیووی دەرەوە کە چیرۆکەکەی پێ دارێژراوە دیووی ناوەوە کە مەبەستی سەرەکی چیرۆکەکەیە هۆی ئەم شاردنەوەو سەر لێ شێواندنەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆ لەوانە بۆ مەبەستی جوانکاری یا ڕامیاری یا ئاینی. . . هتد .

لەڕاستیدا ئەم پێوانەیە بەرهەمەکە لە دەربڕینی ڕاستەو خۆ دوور دەخاتەوە و جوانیەکەشی پێ دەبەخشێت هەروەها خوێنەر دەخاتە حاڵەتی بیرکردنەوە کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی خرۆشاندنی مێشکی خوێنەر بیرکردنەوە لە بابەتەکە کە لەوانەیە شتی نوێ و جوانتری لا دروست بکات هێما بۆ زۆر باری جۆر بەجۆر بەکار دەهێنرێت لەوانە بۆ شاردنەوەی بیری نوسەر لە دەسەڵات داران یان چەواشەکردنی دەورو بەر چونکە هەندێ جار نوسەر ناتوانێ بیرو ڕای خۆی بەنوسەران ڕابگەیەنێت جا ئەگەر هۆیەکە ڕامیاری بێ یا کۆمەڵایەتی یا ئاینی یا هەر هۆیەکی تر هەر چەندە هێما لە ئەدەبی ئەوروپیدا دەمێکە سەردەمەکەی بەسەر چووە کە لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەت (چیرۆک). لە شتەکانەوە دەست پێدەکات کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی چیرۆک نوسان تاقیکردنەوەکە بە ئامادەی وەربگرن سوودی لێببینن.(ئەحمەد:٢٠٠٢، ٧٠)

له خەڵکی ئامایە پەنهانە و تەنیا شاعیر بە زەبری ئەو ئیدراکەی هەیەتی، لەرێگەی تەفسیرو ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو هێماو ئاماژانەوە هەستی پێ دەکات ). (٦) (ساڵح ، ٢٠١٥ : ٢٠) دەبێت لێرەدا ئاماژە بکەین کە زۆربەی وشەکانی ژیان لە جۆری ڕەمز ( لە خۆوەن )، هەر بۆیە هەندێک پرسیار لە زماندا هەیە وەڵام نادرێنەوە چونکە زمان بەزۆری ڕەمز ( لەخۆوە ) بەکار دەهێنێت بۆ نموونە لەبەرچی بە شێر دەڵێن شێر ئایا هیچ پەیوەندیەک لەنێوان وشەی شێر و شێر خۆی هەیە هیچ هۆیەکی دیار نیە بەڵکو کۆمەڵ خۆی لەسەری رێک کەوتوون .

## ڕەمز وەک چەمک زاراوە:

هەر لەکۆنەوە مرۆڤ ئەوەی نەیتوانیوە بە زمان دەری ببڕێت، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێمای بۆ کردووە، لە ڕەخنەی کۆنی عەرەبیدا چەمکی ڕەمز بەم جۆرە پێناسە کراوە « ئاماژەکردنێکی شاراوەیە بۆ نزیکێکی خۆت بە لێو یا برۆ » ڕەمز لە ئەدەبدا ئاماژەکردنە بە وشەیەک کە واتایە شتێکی هەستی یا ژیان دەگەیەنێت بۆ مانایەکی دیاری نەکراو. جوداواز بەپێی خەیاڵی نوسەر خوێنەریش جیاوازن لە تێگەیشتن و درک پێکردن مەوداکەی بە گوێرەی ئاستی ڕۆشنبیری هەستیان، هەندێک لایەن دەبینن و هەندێکی تر لایەنێکی تر یان بە ئاشکرا دەردەکەوێت ڕۆشنبیر لێی تێدەگات چەمکی ڕەمز هەر لە زووەوە لە ناو ئەدەبیاتی جیهاندا ڕیشەی داکوتاوە لە کۆندا ئەفسانەکان کەرەستەی ئەدەب و زانست بوون، بەڵام ئەمرۆ وێنەی شعری شوێنی ئەفسانەکانی گرتۆتەوە «تندال »دەڵێ « وێنەی شعری لە بنچینەدا جۆرێکە لە ڕەمز، چونکە بیرو هەست بەرجەستە دەکات و شاعیر گوزارشتی بێ سنوری پێ دەکات، چەمکی ڕەمز دەست نیشان دەکات و دەڵێت « ڕەمز ئەوەیە کە ئاماژە بەشتێکی تر مانایەکی تر دەکات لە ڕێگەی بوونی پەیوەندیەک لەنێوانیاندا ڕەمز دیاردەیەکی جێگیرە چ لە شعیر و چیرۆک بەرهەمە هونەریەکاندا لویس هورتیک louis hourtic دەڵێ « شعرێک نیە کە تۆزێک ڕەمزی تیادا نەبێت » (٢)(مەعروف: ٢٠٠٥ ، ٦٨ ) ڕەمز یەکێکە لەو چەمکانەی تێگەیشتن لێیان بۆ ئاشنابوون بە نهێنیەکانی فەلسەفە و زانستە مرۆڤایەتیەکان، هونەر و ئاین سەرجەم ئەو بابەتانەوە کە بە قوڵای ناسینی مرۆڤەوە پەیوەستن، وەک چەمکێکی بنەڕەتی هەژمار دەکرێت، ڕەمز سەرچاوەی ناسینی ڕاز و نهێنیەکانی مرۆڤە و بیرکردنەوە سایکۆلۆژیەو ئەنتۆلۆژییەکانی زمانی ڕەمزیە زمانێکی لەودیوی زمانی باوومەئوفەوە، لە سەرو زمانی زانست و ئەقڵەوە، زمانی بنەڕەتی ئاین و موقەدەس و تیۆلۆژیانە، لێرەوە ئاشنابوون پێی دەبێتە پێویستیەکی مسۆگەر (٣) (عومەر ، ٢٠٠٩ ، ١٦٥ ) ئەو ئەدەبەیە کە خوێنەری ئاسایی دەخوێنێتەوە تەنها ڕووکەشەکەی تێدەگات، ناتوانێت لە ناوەڕۆکی بەیتەکە بە دیدی خۆی لێکی بداتەوە، واتە: تەنها لە ڕووخسارەکەی هەڵدەخەتێنرێ و بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو لە بڕیارِ و چاک و خراپی و مانای شعرەکە دەڵێت، بەڵام خوێندنەوەی وردبین تەنها لە ڕووخسارەکەی کۆڵ نادات، بەڵکو بەردەوام دەبێت بە ڕۆچوون بە ناو دەقەاندا، تا جوانیەکەی دەدۆزێتەوە کە خۆی عەشارداوە.

هەندێک دوو چەمکیان بۆ ڕەمز دیاری کردوە کە ئەمانەن :

١ _هێنانەوەی شتێک لەبری شتێکی تر، هێما بۆ شتێکی تر بدات. ( لە ڕوانگەیەوە هەموو وشەکان ڕەمزن لە بەکارهێنانیشیان لە ئەدەبدا دوو جار دەبن بە ڕەمز کە ڕەمزی دووەمیان بایەخی پێ دەدات ) شتێک دەنوێنێ و سەرچاوەکەشی شتێکیترە )

٢ _ڕەمز لە ئاکامی کاریگەری و توانەوە، دوو شت لەنێو یەکتریدا دروست دەبێت کە یەکێکیان دیارو ئەویتریان شاراوەیە .

هەروەها لە فەرهەنگی ) وێبستەر ( webester یش ڕەمز بەوە دیاری کراوە کە ئەوەی ئاماژە بە شتێکی تر یا واتایەکی تر دەکات، بەهۆی بوونی پەیوەندیەک لە نێوانیاندا .

چەمکی هێما لێرەدا بەو بڕوایە گەیشتین کە هێما جگە لەوەی کە بوونی واتای شاراوە مامەڵە دەکات لە واتا خەیاڵیەکەی کە لە ڕوخساردا باس دەکرێن دیاردەیەکە کە گواستنەوەیە، جگە لەوە، لایەنێکی گرنگی جوانکاری شعر خۆی دەنوێنێت و بەکاردێت، یەکیک لەلایەنە جوانکاریەکانی دەقی ئەدەب (هێمایە) بە پێی هەڵسەنگاندن و پێوەر کە لای نوسەران هەبووە، کە لە کۆندا مەرجی لێهاتووی بووە، کە ئەمەش توانا و هەوڵی تاقیکردنەوەی و دەسەڵاتی شاعیران و نوسەران بەسەر زماندا پیشان دەدات. (ئەحمەد: ٢٠١٣، ١٧٨)

## زاراوەی رەمز

رەمز جۆرێکە لە پەیوەندی نێوان ناخی شاعیر ودەوروبەری کە لەرێگای حەواسەکانەوە هەستی پێ ناکرێت بەلکو لە رێگەی خەیال و ئەبتراکتەوە درکی پێ دەکرێت، شاعیر بەهۆی رەمزەوە بەدوای نهێنیە شاراوەکانیدا دەگەرێت، کە زمانی ئاسایی ناتوانێ دەریان ببرێت، { بەهایەکی ئیستاتیکی شیعرە و رۆلێکی گرنگی لەبونیادی شیعردا هەیە }، زاراوەی رەمز ( symbol ) لەبنەرەتدا لەکاری ( symbollen ) ی یۆنانیەوە وەرگیراوە کە بە مانای هاویشتنی بەیەکەوە دێت واتاکەی ( symbolin ) ە واتا { نیشانە، دروشم، رەمز } زاراوەی رەمز لەزۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهاندا بەکاردێت وە لە زمانی ئینگلیزی ( symbol ) و لەزمانی عەرەبی ( الرمز ) و لەزمانی کوردیشدا {رەمز، هێما، جەفەنگ } بەکاردێت .(ئەحمەد: ٢٠١٢، ٥)

»٢ «هەر زاراوەیەک روبەرێکی دیاریکراو لەنێو ئەو بوارەی بۆی دادەنرێت دەگرێت رەمزیش یەکێکە لەو زاراوانەی لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبی و زۆرجاریش ( symbol ) لەژێر کاریگەری زمانی بێگانە بەتایبەتیش لەرێگەی زمانی ئینگلیزیەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردی لەبواری ئەدەبدا بە گشتی و لە ئەدەبی هاوچەرخدا بەتایبەتی زۆر بەکارهاتون و دێن .

عەرەبەکان بەدرێژایی قۆناغە مێژوییەکان واتە لەسەردەمی جاهیلی یەوە تا سەردەمی نویێ و هاوچەرخدا ئەم زاراوەیان بەکارهێناوە بەلام بەکارهێنانەکەی لەچوارچێوەی واتا زمانیە گشتیەکەیدا بوە، نەک بە واتا هونەریەکەی کە ناسینی بۆ نیوەی دوەم دەگەرێتەوە لەبنچینەدا زاراوەی - symbol ) سیمبۆل( لە کاری یۆنانی ( symbollein ) وەرگیراوە لە { sam } بەواتای لەگەل  و { bollein } بەواتای { بایەخ پێدان و رێزلێنان} پێکهاتووە و دەگەرێتەوە بۆ « پارچەیەک خەزەف » یان هەر دەفرێکی تایبەت کە بۆ میوان بەکاریان دەهێنا یان پێیان دەبەخشی وەک دیارییەک، بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان یا بەواتای هاویشتنی هاوبەش ( jeterensymbol )واتە هاوبەشی دو شت لە یەک رێرەودا و یەکبوونیان، ئەم دو شتەش رەمز و واتاکەیەتی ناوەکەیشی ( stmbolin ) واتە نیشانە یان دروشم یا ئیشارەت . (تالب: ٢٠٢٢، ٦٠)

زاراوەی رەمز نامۆ نیە لای کورد بەشێوەیەکی فراوانتر لەلایەن رەخنەگرانی کوردەوە بەکارهاتوە، هیچ تێکەلەیەکیش دروست ناکات، وەک ئەوەی کە گەلێ جار < هێما > دروستی دەکات بەتایبەتیش لەگەل < ئیشارەت > و < نیشانە > دا . هەڵبەتە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیشدا بەکارهاتووە، لە نێوان بابەتی رەوانبێژی دا، بەهۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵاتی و رۆشنبیری کە پەرەیسەند و بووە هۆی دروستبوونییس لە زماندا.

»٣ « لەنێو نوێخوازیشدا زاراوەی رەمز بەمەبەستی دورکەوتنەوە یاخود نزیکتر دەبنەوە و یەک دەگرن، ئەمەش واتای حەرفی ( رەمز ) مان بۆ دیاردەخاتەوە و بە بیریشمان دەخاتەوە کە بەواتای ( کۆکردنەوە ) دێت، هەروەها بەکارهێنانی زاراوەی ( symbol ) مێژوویەکی دورودرێژی لە زانستی لاهوت ٠١٠٨ the - هەیە، کەهاوتای ( crel ) واتە دەستوور و باوەری مەسیحیەت، هەر لە دێرینەوە زاراوەی ( رەمز ) لە دروشمی ئایین و فەلسەفی لاهووت بوە، تەنانەت رەمزی ئیشارەت بنچینەی ئایینەکان بوە لە شعر و هونەردا . (مەحمود، ٢٠٠٩: ١٨٨)

*بەدرێژایی مێژوو زۆر جۆری رەمز دیاریکراوە وەک:

-رەمزی زانستی

-رەمزی هونەری

-رەمزی زمانی

-رەمزی ئایینی

زاراوەی رەمز لەگەل زمانەکانی جیهاندا بەکارهاتوە، دەشێ بوترێ بۆتە زاراوەیەکی جیهانی هەر زمانێک کە وەریگرتوە .

ئەو خاسیەتانەی گشت ئەم جۆرانەی رەمز کۆدەکاتەوە بریتین لە :

١ -هەموو رەمزێک لەبری شتێکی ترە .

٢ -هەمو رەمزێک ئیشارەتی دوو وانەی هەیە .

٣ -هەموو ڕەمزێک ڕەگەزی واقیع و خەیاڵی تێدایە .

٤-هەموو ڕەمزێک خاوەن هێزێکە، یان خاوەن ئەرکێکی دوو وانەییە .

لەزمانی روسیدا (  cumbonو لە ئیسپانیدا (  .simbolo (بەم شێوەیە. . . (مەحوی: ٢٠٠٩، ١٤)

## ڕەمز

## مێژووی سەرهەڵدانی ڕەمز و بەکارهێنانی

ڕەمز جۆرێکی دێرین دەربڕینە لەگەڵ مرۆڤ و لە سەرەتایی شارستانییەتیەوە سەری هەڵداوە و هەمیشە کانگایەکی چڕی دەربڕین بووە، لە نێوان گشت ڕێبازە ئەدەبیە سەرەکیەکانسا ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سنورێکە دیاریکراو لە نێوان بەکارهێنانی ڕەمز لە شعردا، کە بەکارهێنانەکەی زۆر کۆنە، بەڵام زیاتر لە شعری نوێ و هاوچەرخدا بە چڕی بەکارهاتووە،(پیرباڵ: ٢٠٠٩، ٢٠) ڕەمز دیاردەیەکی هونەری و مەعنەوییە، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەبدا دەرکەوتووە، بەڵام لە ئەدەبی نوێ بە گشتی هاوچەرخ بە تایبەتی. زیاتر سیماکانی بە شێوەیەکی ڕوونتر ناسراوە، بارودۆخی ژیانی کوردیش یارمەتیدەری زۆری سەرهەڵدانی ئەم دیارەیە بوو، کە باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و .... هتد.

کۆمەڵگەی کوردی ناوەندێکی چاک و بزوێنەربوو، بۆ بەکارهێنانی ئەم هونەرە، یا بە واتایەکی تر ئەمە تاقە دیاردەی هونەری بووە کە شاعیران بتوانن لە پەنایەوە ئەم بارە ئاڵۆزەی کورد لە چەندین قۆناغی جیاجیادا، دەربڕن، ئەو زەمینەیەی بە درێژایی قۆناغەکان ولە ئاکامی نە بوونی سەربەستی دەربڕین، دروست بوو ڕێگەی ناڕاستەوخۆی و لێڵی کردە ڕێگەکە. (تابک: ٢٠٠٠، ١٧) بەردەوامی شێوازی نووسین، ڕەمز و چڕی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی دووەمی جیهانی، هەرچەندە لە بەردەم کوردا هەموو کات دەرگایەکی واڵابووە، بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە ئیش و ئازاری داگیرکەرانی کورد شان و ڕژێمەیەک بەدوایەکەکانی عێراق، ئەم دیاردەیەش تەنیا لای شاعیرانی کورد سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵکو دیاردەیەکی گشتی دیاربوو، بەتایبەتیش کاریگەری هەندێ لە سیماکانی ڕێبازی ڕەمزی لەسەر شاعیرانی کورد، کە ئەمەش زیاتر لە حەفتاکان بەرەو سەرەوە بوو، ڕێچکەی گرت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبازی ڕەمزی وەک ڕێبازێکی ڕۆژئاوایی خاوەن سیمایی تایبەت، لە چوارچێوەی ئەدەبی کوردیدا دروست نەبوو، جگە لە کاریگەری نەبێت، ئەم کاریگەریەش بە گوێرەی ئاستی ڕۆشنبری شاعیرە کوردەکانبوو، هێما لە زنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم دا، لە سەرەتا لەسەردەستی چەند هونەرێکی وەکو ( بۆ دلێر- ڕامبۆمالارمیە) لە ئەنجامی ئەوبارە ئابووریەی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبریە، هەمەلایەنەی کە لەئارادا بوو هاتەکایەوە، لەوانەیە (ئەرستۆ_aristote) (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) دێرینترینیان بێت کەلەئاستی زمان ئاماژەی بۆ ڕەمزکردبێت ولای وابوو وشەکان ڕەمزن بۆ واتای شتەکان، واتە ڕەمزن بۆ چەمکی شتە هەست پێکراوەکان لە پلەی یەکەمدا و دواتریش ئەبستراکتە پەیوەستەکان لە پلەیەکی بەرزتر لە پلەی شتە هەست پێکراوەکاندا دەڵێت: (( وشە گوتراوەکان ڕەمزن بۆ حاڵە دەروونیەکان، وشە نوراوەکانیش ڕەمزن بۆ وشە گوتراوەکان)). (ئەحمەد: ٢٠٠٠، ٦٨)

هەروەها (ئەرستۆ) سێ ئاستی سەرەکی بۆ (ڕەمز) دەست نیشانکردووە بیرتین لە:

یەکەم: ڕەمزی تیۆری یان لۆژیکی (theoretical or logic symbol) کە بەهۆی پەیوەندی ڕەمزی زانیاری دەست دەکات.

دووەمیان: ڕەمزی کارەکی یە (practical symbol) کە بەواتایی کردار دێت، سێیەمیان: ڕەمزی شیعری یا ئیستاتیکی یەکە بە واتایی حەڵەتێکی ناوەکی دێت لە حاڵەتەکانی دەروون دێت و گوزارشت لە هەڵوێستێکی عاتفی یا ویژدانی دەکا، لە تێڕوانینی دەروونیشەوە بەهۆی (کارل یۆنگ-car juns ) (١٨٧٥-١٩٦١)ەوە تێڕوانینی دەروونی بەهێزترین وێنەی بەڕەمز بەخشی نزیکترینیشێوەش بەبواری ئەدەبی، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوەڕەتدەکاتەوە کە ڕەمز هەر وەک (فرۆید) بۆی چووە_ تەنیا لەسەرچاوە، نەشتەوە سەرهەڵبدات، بەڵکو لە ئاکامی هەست و نەستەوە تێکەڵی دروست دەبێت.

## هێما لە ئەدەبدا :

لەو ڕۆژەی مرۆڤ هەبووە ڕەمزیش بوونی هەبووە، مرۆڤ پێش ئەوەی ناوی کەرەستەکانی دەوروو بەری خۆی بزانێت و ناوێکیان بۆ بدۆزێتەوە، بە شێوەی هێما ئاماژە دەوورو بەری ئاگادارکردۆتەوە، ڕەمزیش بەپێی گۆڕانی کۆمەڵگەو ژیانی مرۆڤ قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە سەرەتادا هەر هێمایەک ئاماژە بووە بۆ یەک شت بەڵام بە تێپەڕبوونی کات هێماکان لە بازنە تەسکە دەرچوون و بواری بەکارهێنانیان فراوانتر بووە تا ئەو ڕادەیەی مەودای بەکارهێنانەکەی هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، لە سیما و خەسڵەتی تایبەتیدا دەرچوون، خەسڵەتێکی گشتیان وەرگرت بەکار هێنانی ڕەمز لە ئەدەب بە گشتی و لە شعیر بەتایبەتی دەرئەنجامی ئەو بارودۆغەیە، کە ڕێگەی بە شاعیران و نوسەران گرتووە بە ڕوونی ئاماژەکانیان بپێکن بەڕوونی ڕووداوی کۆمەڵگاکەیان بخەنە ڕوو، ( ڕەمز دیاردەیەکی تازە نیە لە ئەدەبدا، بەڵکو لە ئەدەبە کۆنەکانیشدا بەر چاودەکەوێت ) بەڵام بەو شێوەیە نیە کە ئێستا درکی پێ دەکرێت، ( عوسمان : ٢٠٠٨، ٤١)

شایەنی باسە هەر لە بارەی تێڕوانین لە ئەدەب ڕەمزدا هەندێک وای بۆ دەچن هەر ئەدەبێک تەم و مژی تێدابێت ئەدەب ڕەمزە، هەندێ نوسەریش بەکارهێنانی ڕەمز بە داهێنانی بەرز دادەنێن، هەندێک نوسەری دیکەش بەکارهێنانی ڕەمز بە کارێکی سلبی دادەنێن، چونکە پێیان وایە خوێنەر تێناگات و لێکدابڕان لە نێوان نوسەر و دەق و خوێنەردا دروست دەکات، لە ئەدەبدا ڕەمز دەتوانین بڵێین ئاماژە کردنە بە وشەیەک کە واتای شتێکی ژیری هەست پێکراو دەگەیەنێت، بۆ مانایەکی نادیاری جیاواز بەکاردێت خوێنەرانیش بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان لە ڕەمزەکان دەگرن و شیدەکەنەوە هەرخوێنەرێکیش بەپێی ئاست و دیدگاو تێڕوانینی خۆی واتا بۆ ڕەمز دادەنێت، وە دیاریشە بەکارهێنانەکەشی هۆکاری ئەو بارو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەی کە دروست بووە، ، نوسەران و شاعیران ناچاربوون پەنا بەرنە بەر ڕەمز و هێما بۆ گەیاندنی هەست و نەستی دەروونی نوسەر ان و شاعیران (سەلام : ٢٠٠٠ ، ١٣)

بەکارهێنانی ڕەمزیش لە ئەدەبدا بریتییە لە ئاماژەکردن بە وشەیەک کە واتای شتێکی هەست و ژیری دەگەیەنێ بۆ مانایەکی نادیار و جیاواز خوێنەرانیش بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و هەست دەربڕینیان لە تێگەیشتن و درک پێکردنی مەوداکە جیاوازن هەندێکیان لایەنێکی دەبینن هەندێکی تری دەبینن بە ڕوونی و ئاشکرای ڕۆشنبیران تێ دەگات و ئەمەشمانای ئەوە دێت کارتێکراو لە ئەدەبدا بەکاردێت، خوێنەری ئاساییە لایەنە نادیارو ئاشکراکەی دەبینێت لایەنە شاراوەکەی و دیوەکەی ناوەوەی نابینێت، بەڵام ئەوە دەردەخات مەودا ی ڕەمز لای هەموو خوێنەران وەک یەک نیە، بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و فکریان، کەلای هەریەکەشیان واتایەکی جیاواز لێکدەدەنەوە، ڕوانیەتی ئەوانی بۆ ڕەمز دەرناچن، چونکە ڕەمز بەتەنیا یەک واتای نیە، بەڵکو واتای جۆراو جۆر و سیما و سێبەری هەیە. (عەلی : ٢٠٠٩، ٢١٦).

هەروەها کاتێک جەلیل کاکە وەیسا دەڵێت « پەتاتەو زێر هەردووکیان ڕەمزن بۆ مەبەستی تر بەکارهاتوون، پەتاتە ڕەمزی پارەیە، زێڕ ڕەمزی ئەو بەڵگەو وێنانەی دۆکۆمێنتە مێژوویەیکوردە کە فەرهاد کۆی کردۆتەوە، هەروەها لەم بارەیەوە ئەسکەندەر جەلال لە بارەی چیرۆکەکەوە دەڵێت « پەتاتە ڕەمزە بۆ پارەو پوول مەبەستی سەرەکی چیرۆک ئەوەیە کە دەردی خەریبی و دووری وڵاتی کارێکە وا دەکات ناوی مرۆڤ تاراوگە کراوە لەم چیرۆکەدا چەندین ڕەمز تێیدا بەکارهاتوون کە پاڵەوانی چیرۆک خۆیانن مەبەستی سەرەکی چیرۆک نوس لەم باسەماندا دەیەوێت بڵێت کە وڵاتی ئێمە قەدری زانست و زانیاری ناگرێت تەنیا پارەیان لا گرنگە هەموو شتێکیان هەر پارەیە ( ئەوەتا بابە گیان زێڕم بۆ هێناون ) ( ئەم جانتایە هەمووی زێڕە ) ( باوکی هەڵیدایە یاعنی هیچ پەتاتەیەکت لە خاریج نەهێناوەتەوە ) ( نەریمان : ٢٠٠٨، ٤٣ )

ئەگەر ڕەمز لەلایەن شاعیر وەک ئامرازێکی ڕازانەوە بەکار هات ئەو ڕەمزە وەک لاشەیەکی بێ گیان و سارد و سڕ ئاسایی سەیر دەکرێت. بەڵام ئەگەر وەک خەڵقێکی جوان ناسین مامەڵەی لەگەڵدا کرا واقع و شارستانیەت و مێژوو بەردەستە دەکات بەم مامەڵەیە ڕەمز بارگری بابەت و شتەکان بە زیندووی هەڵدەگرێت لە بابەتیشدا زمان بابەتێک نیە تەنیا ئامانجی بوونی گەیاندن بێت بەڵکو لەم ( بووت ) بەڵکو لەم بووتەدا دەیەوێ بەهۆی ڕەمزەوە کە بنەمای قەدەغە شکێنی هەیە لە ناخیدا هەندێک مەرج دابنێت یان لە ڕێگەی وێنا کردنەوە جیهان هەڵبگەڕێنێتەوە، بۆیە لێرەشدا لە ڕەمزدا ناتوانرێ نوێنەرایەتی ئەو واتایە بکات کە هەستی پێ دەکرێت بەڵکو لە بیر و هۆشدا بارگری هۆی ڕوودانی واقعیەکە هەڵدەگرێت داهێنانی شاعیر بە ڕەمزو واقعی هەست پێکراو بۆ واقعی هونەری دەگۆڕێ جیهانی ڕەمز لە پانتایی شعری هاو چەرخی کوردیدا ناوەندێکە سەبارەت بە باری نەتەوەی ئەم جیهانە بە زمانی شعر و ڕایەڵەکانی دەلالەتەوە چڕکراوەتەوە زۆر بە دڵ کاری ئاوڕی لە واقعی بوون داوەتەوە و چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەموو ئاست و ئاسۆیەکی گرتۆتە بەر (ئەحمەد: ٢٠٠٩، ١٩٢)

## سەرەتای هێما بەر لە شەستەکان لە چیرۆکدا:

ئەدەبی هێماکاری وەکو رێبازێکی ئەدەبی کارێکی نوێیە، بەلام رەگەکەی زۆر لەوە قولترە وەکو ئەوەی لەبەرچاوە ئەوەی کە لەبەرچاو دەکەوێت لە ئەدەبدا ئەفسا بێت یان چیرۆکی گوێ ئاگردان، دەیان زۆر بەرهەمی وا دەبینیت کە هێمایان بەکارهێنابێ بەتایبەتی لەو چیرۆکانەی گیانلەبەران دەوری مرۆڤ دەگێرن لە قسەکردن و چالاکیدا، دیسانەوە لەبەر ئەوەی کورد بەشێکە لە میللەتانی رۆژهەلات و لەسەرچاوەی رۆشنبیریدا هاوبەشی کەم و زۆر ئەدەبیاتی گەلانی دراوسێیان بێ گەیشتوە و دەما و دەم لەناویان گێراوەتەوە، ئەگەر پچر پچریش بێت وەکو ( کەلیلە و دیمنە ) و چیرۆکی ( هەزار و یەک شەوە ) کە دەیان هێمای زەقیان تێدا بەدی دەکرێ کە هەندێکیان لە تەم و مژدا خۆیان لە ئەدەبی ئەوروپی دەدەن. (تالب: ٢٠٠٩، ١٢)

ئەوەی شایانی باسە گەشترین سەردەمی هێماکاری لە رۆژئاوادا لە نێوان سالانی < ١٨٨٠ - ١٩٢٠ > دایە کەچی لەئەدەبی کوردیدا بە کاریگەری ئەدەبی ئەوروپی پاش ئەوسەردەمە بە شێوەیەکی سادە و ساکار سەری هەلدا، یەکەم نوسین هێمای تێدا بەدی ئەکرێت، نوسینەکەی { مستەفا سائیب } بەناوی ( بۆ چیرۆکێک ) لەکاتی خۆیدا خەلاتی دووەمی رۆژنامەی پێشکەوتنی وەرگرت .

ئەوە تا یەکێک بەناوی ( جەمال بابان ) دەربارەی ئەم نوسینە دەلێ : زۆربەی خواست و هەستەکانی ئەم نوسینە « رەمز »ین . (عومەر: ١٩٧٨، ١٢٦)

هەروەها (جەمیل صائیب ) لەچیرۆکی { لەخەوما } کە هەروەکو لە ناوەکەیدا دەردەکەوێ چیرۆکەکەی خستۆتە چوارچێوەی خەونێکەوە .

بەکارهێنانی رەمز لە چیرۆکدا دیارە خۆ دزینەوەیە لە واقعێکەوە بۆ چونە نێو واقعێکی ترەوە وەک ئەو بەلام بەکەرەستەی جیاواز، جا لەئەنجامی ئەو تێکچرژاوی و داخراوی تەکنیکەکانی دەقی چیرۆکی ئێستا پێویستە خودی خوێنەر ئاگایانە بە دیدگایەکی کراوە و گشتگیر و قول شۆربێتەوە بۆ نێو خۆزگەکانی ئاوات و زاتیەکان تاکی خود و قولایی ناخ و رۆحیەکانی تاکی بەرامبەر، وەک ئاشکرایە چیرۆکی رەمزی زۆر واتا هەلدەگرێ و رەخنەگر ناتوانێ مەبەستی نوسەر راستەوخۆ دەستنیشان بکات، ئەوەشمان بیر نەچێت کە پێش ١٩٧٠ رەمز بەکارهاتوە لە چیرۆکی کوردیدا، بەلام بەشێوەیەکی سادە و ساکار .

رەمزی بەکارهێنانی ( حوسێن عارف ) زۆر دیار و ئاشکرا بەکارهاتوە ، دیارە کە راکەشی ئەوو دەگەیەنێ کە لەدوای ئەو سالەوە کە زەبر و زەنگ و داگیرکاری گەشتبویە چلە پۆپە بەهیچ شێوەیەک رێگا بە مرۆڤ نەدەدرا بە روون و ئاشکرایی قسەبکات . (عارف، ٢٠١١: ١٢٣)

نمونەی ئەو چیرۆکانەی کە لە چیرۆکدا باس کراون لە چەندان کتێبدا باسکراون لێرەدا نمونەیەکی چیرۆکی پەتاتە خۆرەکان وەردەگرین کە لەم چیرۆکەدا لەسالانی ( ١٩٩٥-١٩٩٦) لەشاری هەولێر

نوسراوە لەم چیرۆکەدا دەتوانرێ چەندین رەمزی لێوەدەر بهێنرێت کە ئەمەش خاسیەتێکی پۆزەتیڤانەی چیرۆکی تازەی کوردستانە، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس دوو وشەی بەکارهێناوە، یاخوود دوو رەمزی بەکار

هێناوە ئەوانیش {زێڕ } و {پەتاتە } کە هەریەک لەم وشانەبۆ مەبەستێکی تر بەکارهاتون، واتە لەدوای ئەم وشانەوە چەندان مەبەست و دال و مەدلول و مانای تری بۆخۆی چاندووە، یەکێکی تر لەو چیرۆکانەی کە نوسراونەتەوە و هێمایان تێدا بەکارهاتووە (چیرۆکی گوڵاڵە کێویەکانی کۆتەڵ).

ئەم چیرۆکە یەکێکە لەوانەی کە نوسەر لە تاراوگە لە ساڵی ١٩٩٨دا لە پاریس نوسیویەتی، کە چەندین خاسیەتی تاراوگەی پێوەدیارە (فانتازیا، رەمز، مەن لۆگ) ئەم جیرۆکە بە ڕەمز دادەنرێت بۆ پەیامی ئەڤینداری و خۆشەیوستی دەڵێ، کە چەندین خۆشەویستی جۆراو جۆر بوونی هەیە، لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدا لە ژن و پیاودا لە مرۆڤ و ئاژەڵدا، لێرەدا لەم چیرۆکە گێڕاوەتەوە پڕیەتی لە (ڕەمز) لەوانە (ئیبراهیم پاشا) (مەعمەلی سەهۆڵەکە) کە ڕەمز و هێمایە بۆ حەو ڕۆژانەی لەگەڵ (شادان)ی خۆشەویستی دوا شوێنی گرتنی ژوانیان بووە، هەروەها چیرۆکنووسی (گوڵاڵە کێوییەکانی کۆتەڵی وەک ڕەمز بەکارهیناوە، بۆ ئەو ڕۆژە خۆشەی کە چیرۆکنووس لە کۆتەڵ گوڵاڵە کێوییەکانی دایە، لەگەڵ خۆشەویستی شادان). (نەریمان: ٢٠٠٨، ٤٨)

## هێما لە شعردا :

ڕەمز جۆرێکە لە پەیوەندی نێوان ناخی شاعیر دەوروبەر کە لەرێگای حەواسەکانەوە هەستی پێ ناکرێ بەلکو لەرێگای خەیال و ئەبتراکتەوە درکی پێ دەکەین، شاعیر بەهۆی رەمزەوە بەدوای نهێنیە شاراوەکاندا دەگەرێ کە زمانی ئاسایی و باوی ئەدەب لە ئاستی دەربریندا نیە، بەکارهێنانی رەمز لە شیعردا ئەوەیە کە خوێنەری ئاسایی تەنیا دیوە دیار و ئاشکراکەی دەرەوە دەبینێ و واتای ناو خان و مەجازی ناوەوە ناخوێنێتەوە بەلام روناکبیران و ئاگادارانی بزوتنەوەی ئەدەبی دیوی ناوەوەشی بەدی دەکەن و دەیخوێننەوە، شیاوی باسە مەرج نیە خوێندنەوەی هەمو خوێنەران بۆ رەمزەکان وەکو یەکتر بێت، بگەنە یەک سەرەنجام ، بەلکو لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر جیاوازە { رەمز لە شیعردا هێندەی خوێنەروکان مانای جیاوازی هەیە }، چونکە رەمز بەکارهێنانی زۆر واتا و سێبەر و تەم و مژ دەدات .

دورکەوتنەوەیە لە واقعی بینراو، بەلام هەیە بەئاسانی پەی پێ دەدرێت، هەشە قول و خوازراوی دانسقەی تێدا بەکارهاتوە، بەلام لەهەمو بوارەکاندا زمان گرنگترین ئامرازی داهێنانە لە بەکارهێنانی رەمز لە شیعردا. (بایز: ٢٠١٣، ١٥٥)

بەکارهێنانی رەمز لە شیعردا پرۆسەیەکی کاریگەر و بە یەکێک لە شێوە دیارەکانی لادانی واتایە دادەنرێت کاتێ وشەکان بەمانای فەرهەنگی خۆیان بەکارناهێنرێت رەمز و دەلالەتی نوێیان پێ دەدرێت کە پێشتر هەلگری ئەو دەلالەتە نەبوون، ئەمەش سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت و دەکەوێتە بیرکردنەوە پاشان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ پەیامەکەی پێدەگات، ئەم ناراستەوخۆیەش نائاساییبوون دێنێتە کایەوە ئەمەش خۆی لە خۆیدا لادانە .

لەگەڵ ئەوەشدا ڕەمزەکە وەک هونەرێکی ڕەوانبێژی نویٚ خۆی دەرخستوە , بەلام جیایە لەو کەرەستە ڕەوانبێژیانەی کە وێنە دەسازێنن لە چەشنی { خواستن و لێکچواندن و درکە } چونکە ڕەمز چوارچێوە و سنورەکانی فراوانترە و تا ڕادەیەکی زۆریش گشتیتر خۆی دەنوێنێت . (ئەمین: ٢٠١٩، ٢٢٧)

گرنگە ڕەمزیش لە زمانی شعریدا جگە لە دیدە ستاتیکەکەی، بە ئابوریکردنی زمانە بەهۆی چڕکردنەوەی واتایەکی قەبە لە چوارچێوەی تاکە وشەیەکدا، کە ئەمەش باشترین ڕێگەیە بۆ پێکهێنانی مەبەستی شاعیر بە کۆمەلێ وشەی چر و پر و واتادار بێگومان بەکارهێنانی ڕەمزیش لەلایەن شاعیرانەوە بەشێوەیەکی گشتی جگە لە گەیاندنی مەبەستی ئیستاتیکیانە بۆ ئەو هۆکارە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری دەروونیانەی دەگەڕێتەوە کە شاعیر ژیانیان لەگەل دەگوزەرێنێت و ناتوانرێت بە زمانە ئاساییەکەی گوزارشتیان لێ بکات، چونکە " ئەوکاتەی زمانی ئاسایی دەستەوەستان دەوەستێ لەڕووی بەجێهێنانی ئەو ئەرکە ناتوانێت لەسنووری شتە هەستیارەکانەوە دەرچێت بەرەو بارە دەروونیە حەشاردراوەکان ئەوسا شاعیر ڕودەکاتە ڕەمز بۆ دەربڕینی ئەو بارە دەروونیانە .( شێرزاد : ٢٠١٤، ٢٠٠ )

«٢» گرنگە بەکارهێنانی ڕەمز لەزمانیشعریدا جگە لەلایەنە جوانکاریەکەی کورتبڕیکردنی زمانە، بەهۆی چڕکردنەوەی واتایەکی گەورە لە چوارچێوەی تاکە گوزارەیەکدا , چونکە هەروەک « یونس » ( ١٨٧٠- ١٩٦١ ) ئاماژەی پێکردوە , ڕەمز میکانیزمێکە بۆ درک پێکردنی ئەوەی ناتوانی بەبێ ئەوە گوزارشتی لێبکەی , وە پێی وایە ئەمە باشترین ڕێگەی پەیرەوکراوە بۆ گوزارشت کردن لە واتا و مەبەستێک کە هیچ واتایەکی گوزارەیی نیە، یان قورس و ئەستەمە لە خودی خۆیدا هەلی بگرێت، هەروەها { خواستن و لێکچواندن } دوو بنەمای گرنگی دروستبوونی ڕەمزی شیعرین.

شێوەکانی هێما سیمای دەرکەوتنی لەشکری هاوچەرخدا و ( دواتریش نویٚ ) ڕەمز دیاردەیەکی هونەری و مەعنەویە، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەب و دەرکەوتوە بەڵام لە ئەدەبی نویٚ بە گشتی و هاوچەرخ بەتایبەتی زیاتر سیماکانی بەشێوەیەکی ڕوونتر ناسراوە، ئەو زەمینەیەی بیدایەتی قۆناخەکان و لە ئاکامی نەبوونی سەربەستی دەربڕین، دروست بوو ڕێگەی ناڕاستەو خۆیلێڵی کردە ڕێگەیەکی بەردەوامی شێوازی نوسین هەروەها بەسەر هێنانی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی دووەمی جیهانی، ئەم دیاردەیەش تەنیا لای شاعیرانی کورد سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو دیاردەیەکی گشتی بوو بەتایبەتیش کاریگەری هەندێ لە سیماکانی ڕێبازی ڕەمزی لەسەر شاعیرانی کورد، کەئەمەش زیاتر لە حەفتاکان بەرەو سەر ڕێچکەی گرت، بنچینەی ڕەمز لە شیعری کلاسیکیەوە سەرچاوەی گرتووە کە (غەزەل) بابەتی سەرەکیە کە ڕەمزی تێدا بە چڕی بەکارهاتبێت لە ژێر ناوی تردا (مەبەست کەرەستەکانی ڕەوانبێژیە ) بەهۆی چوار چێوەی ئەم کۆمەڵگەیەی شاعیرانی کلاسیک تیایدا ژیاون کە هەرخۆی ناونەهێنانی ئافرەت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڵبژاردنی ناوێکە کە هەڵگری کۆمەڵێک دەلالەت دەبێت ڕەمزێک بووە بۆ هەموو ئەم وەسفانەی لە بواری لێکچواندن و خواستن و. . هتد تەرخان کراوە لە چاڵ غەزەلیشدا کە ڕووبەرێکی فراوانی شعری کلاسیکی دا گیرکردووە، شعری ( هجوم ) هەمان شت دەچێتە ناو خانەی بەکارهێنانی چڕی ڕەمز ئامێزە لەبەر هەمان هۆکار. کە چووە نێو بەرهەمە

ئەدەبی و هونەری لە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ دەگرێتە بەر ( ئەحمەد: ٢٠٠٢، ٨٠) (١) ئەگەرچی لە مەسەلەی هێما و هێما گەرایەتی لە ئەدەب و فیکردا زۆر کۆنە، بەڵام وەک ڕەوشتێکی ئەدەب ی نویٚ لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵداوە، هێماگەرایەتی لە ڕێگەی هێما و ئاماژە هەست و نیازەکانی شاعیر دەردەبڕێت، بەکارهێنانەکانی ڕەمز لەلایەن شاعیرانەوە هەموو شاعیرانی ساڵی هەشتاکان هێمایان زۆر بەکارهێناوە، ئەویش لەبەر بارو دۆخی ئەو سەردەمە کە ڕژێم زۆر بەوریایەوە ڕوانیە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و چاودێری توندی لەسەر کردبوون، مزوریش یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە ئەم نویٚ کردنەوەی هەبوو زیاتریش هێماکان شۆڕش گێڕی بوون چونکە کڵپەی شۆڕش لە پەرە سەندندا بوون، ( عبدلرەحمان مزرور ) لە شعیری ( دوماهی قەڵەمەکێ ) دەڵێت

ئێ ئێڤاریٚ

دنێرم روباریٚ گوندیٚ مە

وت دلە یزیێن ب مەستی ( ئەحمەد: ٢٠٠٩، ٩١)

### (٢) لەشعری شاعیرانی نویٚ

ئەوەیە کە شاعیران لەم سەردەمەدا پشت بە لایەنە ڕۆشنبیریەکان دەبەستن زیاتر لە پشت بەستن بەشێوەیەک ڕاستەوخۆ بەتاقیکردنەوەکانیان، قورس دەبێت، هەروەها چڕبونەوەی زۆر سیمایەکی تری لێڵی. یە و جەخت کردنی شاعیریش لەسەر پەیوەندیە ناوەکیەکان لە کاری هونەریدا زیاتر لە پەیوەندیە دەرەکیەکان، ئەمەش کرۆکی ( ئەبستراکت) ە لە هەموو جۆرەکانی هونەریدا زیاتر لە پەیوەندیە دەرەکیەکان، لە هەموو جۆرەکانی هونەردا سیمای سێیەمی لێڵیە لە شعیری نویٚ ) لێڵی هێندەی نەماوە ببێتە بنەمایەکی ئیستاتیکی گشتی شیعری نویٚ .

شایانی باسە بارودۆخی دوای هەرەسی شۆرش لەساڵی ١٩٧٥ دا و دەسەلاتی تەواوی ڕژێمی عێراق بەسەر کوردستاندا ئینجا هەڵگیرسانەوەی شۆرش و سەر لەنویٚ دەرکەوتنەوەی پێشمەرگە و چرۆکردنەوەی گیانی بەرگری لەنێوان کۆمەڵانی خەلکدا ، زیاتر پەنا ببەنە بەر رەمز .

لەساڵی ١٩٧٥ لە شیعرێکدا دەڵیٚ:

هۆ دار بەرووە خەمبارەکە! . . .

ئەوە لە تینووان. . . یان لەناو دوکەل دا

وا هەلبزرکاوی . . .

شاعیر لەو شوێنەی خۆیەوە کە حزبەکەی بەشداری کرد لە هەرەس پێهێنانی لە شۆرش بەلام لە ناخەوە بورکانێکە و « داربەروو » کە رەمزی کوردستانە و لەبەرچاوی ئەو خەمبارە، رەنگی هەلبزرکاوە دیارە کە

ئەنجامی دوکەڵی ئەو هەمو گولە و تۆپ و بۆمب و فرۆکانەیە کە رژێم بەسەر کوردستاندا هەڵی رشتوە، بێگومان شاعیر چ لەبەر حزبەکەی خۆی بوبێت یان لەبەر رژێم بوبێت نەیتوانیوە بەئاشکرا باس لەو هەموو ناهەقیە بکات کە لەگەڵی کورد کراون , دیارە شاعیر هەر بەوەش نەوەستاوە بەڵکو ئامادەی گیان بەخت کردنە! (بایز: ٢٠١٣، ١٥٥)

**شعری نوێ:**

هەر لەوکاتەی ئەم رێرەوی شیعری کوردیە تا کۆتایی شەستەکان و اەرەتای حەفتاکان بەردەوام بوو، لەوێوە ئیتر لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی شۆرشی سۆشیالیست و گەلانی ژێردەستی جیهان بەگشتی و شۆرشی فەلەستین و ڤێتنام بەتایبەتی گۆرانکاری بەسەردا هات، رەمز بەشێوەیەکی نوێ و کاریگەر هاتە نێو شعری شاعیرەکانی کورد، دەیان رەمزی ( گیڤارا - فەلەستین -کۆلۆمبیا -مهاباد -بابەگور گور -مافی مرۆڤ -فەرهاد وشیرین) هەمویان رەمزی تازە و بەمانای شۆرش و خەباتی گەلان و مقاوەمەت دێن هەریەکەو لەشوێنی خۆیاندا بەکار هاتوون، رەمزی جیهانی و هەندێکیان رەمزی ناوخۆیین، ئەم وشە و رەمز و تەعبیرانە لەسەر دەستی روانگەییەکانەوە هاتە نێو ئەدەبیاتی کوردیەوە .

دەنگ. . . دەنگدانەوەی خۆی هەیە

رەنگ. . . . رەنگدانەوەی خۆی هەیە

فەرهاد. . . . شیرینی خۆی هەیە

شیرین. . . فەرهادی خۆی هەیە (بایز: ٢٠١٣، ١٢٦)

لە دوای بارودۆخی دوای راپەرین لەهەمو رویەکەوە نوێ بوو، دیارە شعریش کە زادەی بار و سەردەمەکەی خۆیەتی گۆرانی بەسەردا هات، جارێ بەر لە هەموشتێک سانسۆری رژێمی بەعسی لەسەر نەما، ئازادی و دیموکراسی نوسین بلاوکردەوە سەقامگیر بوە پێداویستیەکانی ژیان و ئەرکەکانی گۆران .

بەپێی قۆناخەکە هەمو شتەکان خۆیان نوێ کردەوە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی شاعیران دوای راپەرین بەتایبەت لەم دە ساڵەی ئەزموونی دیموکراتی و حکومرانیەتی کوردیدا بوون، بەرەو زمان و ساکاری شعری دەگەرێننەوە رستەکان سادە و ساکارن بەڵام قول و پر واتان، ئەو رەمزانەش کە خودی زمان شعری لەدوای کۆتایی پێهێنانی راپەریندا لە روخساری راستەوخۆی فەرماندان و رابەریکردن دوربخاتەوە , هەندێکیان جیاوازە لەگەڵ پێش راپەریندا.

دەتوانین بڵێین رەمز لە شعری کوردیدا دیاردەیەکی نوێ نیە بەڵام لە شعری نوێدا رۆڵێکی گرنگە لە بونیادنانی شعردا هەیە و بەشێوەیەکی چر و پر و قول مامەڵەی لەگەڵ کراوە بۆ دروستکردنیان شاعیران پشتیان بە

فۆلکلۆر و ئەفسانەی میلی و جیهانی بەستوە بۆتە هۆی ئەوەی شێوەیەکی نوێ و جوان بەشعری کوردی ببەخشێت واتە شعر بەهۆی رەمزەوە جوان دەبێت و هەرکاتێک دال و مەدلول واتای خۆیان نەدا بەدەستەوە ئەوا شعریەت لە شعری نوێی کوردیدایە، رەمز بەهەمو جۆرەکانیەوە پانتاییەکی فراوانی لەئەندێشە و خەون و خەیال و وێنە شعریەکانی شاعیرەکانی کورد هەیە، (سالح: ٢٠١٣ ، ١٩٨)

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەدوای بارودۆخە سیاسیە ئالۆزەکەوە دروستبو بۆکورد هەروەها سەرهەلدانی بزوتنەوەی نوێکردنەوەی شعری کوردی بە رابەرایەتی ( شێخ نوری سالح - گۆران - پیرەمێرد ) بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لەلایەن شاعیرانی هاوچەرخ لە بەکارهێنانی رەمزدا وەرچەرخانێک پەیدا بوو هۆکاری ئەم وەرچەرخانەش بۆ پەنابردنی شاعیران بۆ سروشت و شتی سادە و ساکار ئەگەرێتەوە چونکە ئەم سادە و ساکاریەش هەر لە سروشتدا دەستەبەر دکرێت لەگەل ئەوەشدا مەبەستیان بوە کە واتا و مەبەستەکانیان رون و ئاشکرا بێت.

دیارە گۆران بە یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی ئەو سەردەمە دادەنرێت، ڕەمز لە لێکدانەوەی شعرەکانیدا بەدەردەکەوێت و ئاماژەی بۆ کردووە، بە پێی ئەو گۆڕانەسەردەمیەی کە تێیدا دروست بوو وە تێیدا ژیاوە، یەکیک لە جۆرە شعرەکانی دا (کەرەستە سروستیەکان) یەکێک بووە لەوانەی کە هێما تێیدا بەکارهێناوە، (باران – پایز – شەو – هەور – ئاسمان – ئەستێرە).

لای شاعیر (پایز) وەک هێما بەکارهێناوە: بۆ گیری و نەخۆشی خەم و ژاکاوی مەرگی بەهار و نائومێدیفرمێسک دەرژێنێت بەسەر تەرمی دار و درەختەکانی سروشدا.

(باران) وەک هێمایەک بۆکاردەهێنا بۆ (خێروبەرەکەت و پاککردنەوەی دڵ ودەروون).

پایز ⟵ ..................................

باران ⟵ ..................................

هەور ⟵ ..................................

## بەکارهێنانی رەمز :

رێبازی رەمزی هەروەک رێبازەکانی ترکۆمەڵێک هۆکار هەبوون سەرەکی بوون بۆ ئەوەی شاعیران پەنا ببەنە بەر رەمز وەک چەکێکی کاریگەر لە گوزارشت کردن لە هزر و هەست و سۆزەکانیان بەکاربهێنن جگە لەم هۆکارە تایبەتیانە بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی بەکارهێنانی رەمز بریتین لە :

١- هۆکارە رامیاری و سیاسیەکان : لەو بارودۆخە ناهەموارەی کە درووست بوو یەکێک لەو هۆکارانە سیاسەت وەک هەمیشە کاریگەری هەبووە لەسەر ئەدەب و بەرهەمی شاعیرەکان کە دەشتوانین بڵێین سیاسەت و ئەدەب پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر هەبووە بۆیە شاعیران بەهۆی ترس لە دەسەڵات هەندیک لە

دەربرینەکانی بەهۆی رەمز دەربریوە، واتە زۆرکات نوسەران و ئەدیبان بۆ سەلامەتی گیانی خۆیان پەنایان بۆ بردووە بۆ شاردنەوەی دیووی واقیعی ئەو تێکستە شیعرییەی کە نەیان توانیوە بە ئاشکرا بڵاوی بکەنەوە و گوزارشت بکەن لە بیر و بۆچونەکانیان یاخود بۆ پشتگیریکردن لە خەباتی رزگاری نەتەوایەتی کوردستان ناچار مەبەستە شیعریەکانیان لەرێگەی رەمزەوە کردووە.

٢- هۆکارە کۆمەلایەتیەکان: هەندێک جار دابوونەریتی کۆمەڵایەتی لە دەربرینی هەندێک بابەتدا دەبنە کۆسپ لەبەردەم شاعیر و ناتوانێت بە ئاشکرا دەریانببرێت بۆیە رەمز بە رەمز بۆچوونی خۆی لەبارەی هەندێک بابەت بەکار دەهێنێت (محمد: ٢٠١٣،١٨٢)،

یاخود هەندێک جار هونەرمەند بەهۆی ئەو رێوشوێنە کۆمەلایەتییەوە ناتوانێت بە ئاشکرا هەندێ شت دەربیرێت هێما بەکار دەهێنێت یان کۆمەڵگاکان پەیرەوی کلتور و عادەتی خۆیانەوە داب و نەریت خاوەنی جۆرێکە لە ئەفسانە وداستانی تایبەت و هەندێ بابەتی تری عەشق بۆخۆیان هەریەکەیان هۆکارێکی کۆمەڵایەتین و بارێک درووست دەکەن لەسەر واقع.

نم: لەکۆمەڵگەی کۆنی کوردیدا نمونەی قوربانیدانی عەشقمان هەیە بەو هۆیەوە بونەتە دەرخەری چەرخی رۆژگار لەیل و مەجنون(سالح: ٢٠١٥، ١١٨).

٣- هۆکارە رۆشنبیرییەکان: بەکاریگەریبوونت شاعیرانیتر بەستراوەتەوە، لە ئەنجامی کارلێکردنی بەتایبەت رۆژئاواییەکان لە ئاکامی ئارەزووی پێشکەش کردنی شتێکی نوێ، هەندێک جارێش پیشاندانی رۆشنبیری شاعیر لەبەردەم وەرگرەکانیدا لێرەدا پەنا دەباتە بەر رەمز و بەکاریدەهێنێت. (ئەحمەد: ٢٠٠٢،٢٢٠)یان بۆ مەبەستێکی ئیستاتیکی : هونەرمەند بەخشین ئاستێکی ئیستاتیکی و بەرز و ناوازەی هونەری بە بەرهەمەکەی دەرخست توانا و تواناو ئەفراندنەکانی پەنا بۆ رەمز دەبات (عمر: ٢٠٠٩، ١٦٨)

٤- هۆکارە دەروونیەکان: ئەم لایەنەش گرنگی خۆی هەبووە بۆ سەرهەڵدانی رەمز لەبارەی کرانەوەی شاعیرەکان بۆ ناو خودی هەستی دەروونی ناخی، بەهۆیی پابەندبوونی شاعیر بەوەهم و خەیاڵ و گوزارشت کردن لە هەندێک حاڵەتی ناوەوە و نەست و بابەتی شاراوە ڕەمز بەکاردەهێنێت وە هەندێ جاریش رووبەروی دڵتەنگی و خەمباری و تەنگ و چەڵەمە دەبوویەوە چونکە نەیان دەتوانی دەربازبن و ڕێگەچارەیان نەدۆزییەوە بۆیە دوچاری نەهامەتی و ڕەشبینی دەهاتن(ئەحمەد : ٢٠١٣، ١٨٢).

## عیرفان

عیرفان زانێستێکە و تایبەتە بە مرۆڤ و لە ئاوەز و دڵییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش بۆ گەیشتن بەخوای تاقانە و نادیار و باڵا، بەهۆی ناو سیفات و دەرکەوتەکانییەوە، دەکۆشێ بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی جیهان و کۆی قۆناغەکانی بوون (وجود). عیرفان ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە و تایبەت نییە بە ئاینێک و شوناسێکەوە، بەڵام بەهۆی گشتگیری و ئازادی بیرکردنەوەی موسڵمانانەوە، عیرفانی ئیسلامی بووەتە خاڵی بەهێز و جیاکەرەوە لەگەڵ عیرفانەکانیتردا عیرفان باوەڕبوونە بە دۆزینەوەی راز و نهێنییەکانی دنیا. ساتی رامان و پرۆسەی بیرکردنەوەیەکی قوڵ و تێهەڵچونی رۆحە، ناسین و دووبارە ناسینەوەیە ونکردنی خود و دۆزینەوەیەتی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکیتر، عیرفان هەڵوێستە کردنە بڵندکردنەووەی رۆحە، سەربەرزکردنەوەیە بۆ ئاسمان، حولولە لەگەڵ خوای تاقانەدا. (ئەدهەم: ٢٠١٨، ١٢)

عیرفان رێباز و میتۆدێکە بۆ ناسین و مامەڵەکردن لەگەڵ خودا، بە پشت بەستن بە رِیازەت و خۆ پاک کردنەوە لە نەخۆشیەکانی دڵ و رامکردنی نەفس بە خۆ گرتنەوە لە ئارەزوو بازی و ویستە دنیاییەکان و روکردنە ئاخیرەت، عارفیش ئەوکەسەیە کە بروای بەم رێبازە هەیە و بە کردەووە بووەتە رێبوار تێیدا.

عیرفان لە رووی تیۆرییەوە بە هەموو ئاینێک رێگەپێدراووە بە رەهەندی رۆح و پەروەردەکردنی گریان لەسەر خواویستی و مەعنەویات، هەربۆییە قسە لە عیرفانی یەهوودی دەکرێت بەڵام، تەنها عیرفانی ئیسلامی راستەقینەیە (بەرزنجی: ٢٠٢٠، ١١٩).

عیرفان: ئەو قوتابخانە فیکری و فەلسەفییە باڵا و قوڵە بۆ بینینی حەقیقەت و راستی شتەکان وکاروبارەکان وگیروگرفت و رەمز و نهێنی زانستەکان بەڵام بەو شێوازە رێبازە نا کە فەیلەسوفەکان سەرقاڵن پێوەی، بەلکو رێگای ئیشراف و کەشف و بینینەوەیە، ناتوانرێت لەرووی زارەوایەوە پێناسەیەکی دیاریکرا و بۆ عیرفان دیاری بکرێت، چونکە بەستراوە بە رادەی تێگەشتن و وەرگرتن و سلوکی عاریفەو. (ئەحمەد: ١٤،٢٠٢٠).

عیرفان بە مانا گشتییەکە بەکار دێت ئەگەر چی تەسەوفیش لەسەردەمی کلاسیکی کۆندا هاتووە جێگەی عیرفانی گرتۆتەوە بەڵام لە ئێستادا لە هەندێ کاتیشدا لە زۆرێک لە کتێبەکان و نوسراوەکاندا لە هاوتای یەکدا هاتوون بەڵام لە حەقیقەتدا هەم لە مانا و هەمیش لە زاراوە لەیەکتر جیاوازن، ئەگەر چی کۆمەڵێک خاڵی لەیەکچوو لە نێوانیاندا بەدیت دەکرێت، تەسەوف عیبارەتە لە رێگەی زوهد خەڵوە کە لەسەر بنەمسی شەرع و تەزکییەی نەفس و پشتکردن لە دنیا راوەستاوە، لە پێناو گەشتن بە حەق و رۆشتن بەرەو کەماڵ بەڵام عیرفان تیۆرییەکە یاخود فیکر و فەلسەفەیەکی باڵای قووڵە لە پێناو ناسینی حەق و دەرکردنی جەوهەری شتەکان و ئیشکالییەتی عیلم و رازەکانیدا ئەوەش لەرێگەی ئیشراف و کەشف و شهودە، نەک فەلسەفە و حیکمەت(عدنان و خواناس- ٢٠١٧-)

شعری عیرفانی: زمانی عیرفان شێعرە و زۆربەی عارفەکان عاشق بوون عەگەرتەنانەت شعریان نەگوتبێ بەیانیان شاعیرانە بونە و کەلامیان لە شان بەشانی شاعیرانی ئێستا دەدەن، شیعری عیرفان لە چاو شاعیرانی دیکە، دروشانەوەیان وەک جیاوازی بەدیدەکرێت وەک ئەستێرەیەکی گەش. (نانەوازەد: ٢٠٠٦، ٨)

شیعر خۆی بەرهەمی خەیاڵی شاعیرە، هەموویان هێمان، لەبەر ئەوەی زیاتر خەیاڵی تێدا بەدی دەکرێت و کەمتر فکر بەکاردێت، خەیاڵ لە ڕوانگەی سایکۆلۆژی و فەلسەفەی کۆنی ئیسلامی و یۆنانیش، خەیاڵ دەبێتە بەرهەم هێنانی (هێما). خەیاڵیش پێکدیت لەو کاتو سوێنی ڕوودانەی کە نوسەران و شاعیران ئەم خەیاڵە دروست دەکەن، وێنای دەکەن ئەو حاڵەتە دەکێشن لە پشت واتاکەی ئەو شتانەی کە دەیانەوێت دەربڕبرێن. ئەو شتانەی کە وێنایان نییە ئەوان وێنای دەکەن و دروستی دەکەن.

خەیاڵ دەکەوێتە نێو جیهانی دیار و نادیار ئەو قۆناغەن کە عیرفانی ئیسلامی و فەلسەفەی جیادەبێتەوە خەیاڵە. کە کۆمەڵە شتانیک وێنا وەردەگرن کە لەوانەیە لە حەویوەتدا نەبن ئەم وێنە دروستکراانەی مرۆڤ، هەموو ئەو وێنانە و جیهانە خەیاڵە دروستکردن خۆیان دەبنە هێما و حەقیقیشانیەن، هەربۆیە لە عیرفانی ئیسلامدا زمان هێمایە. چەنکە دەبێتە دروستکردنی وێنە بۆ واتاکان کە ناوێک بۆ شتەکان دادەنرێت کە ئەکرێت ناوی حەقیقی و ئەسڵی وشەکە خۆی نەبیت کە بۆی دانراوە، بەڵام نزیکمان دەکاتەوە لەو حاڵەت و بارودۆخەی کە شتەکە تێیدا دروست بووە، هەر بۆیە لە عیرفاندا عاریفان زۆر سودیان لە زمان وەرگرتووە، توانیویانە بە دەربڕینی وشە و چیرۆکەکانیان بتوانن دیوێک و جیهانێکی تر دروست بکەن لە پشت ئەو شتانەی کە هەن، نوسراون لە ڕوانگەی هەریەکەیانەوە توانیویانە جیهانێکی خەیاڵی دروستکراوی بۆ خۆیان بەرهەم بهێنن، بە پێی جۆر و باری شارستانی و توانای تێگەیشتنیان ڕەمز بەکاربهێنن. هەر بۆیە عارفەکان پێیان وابووە هەرجی وشەی دەربڕاو هەن بە زمانیشەوە هەموویان هێمان و هیچیان حەقیقی نین، عیرفان خۆی جگە لە شیعر و زمان خۆی لەسەر هێما دامەزراوە. کە جیهانێک هەیە، پێی دەگوترێت حەقیقەت. ئەم جیهانە نادیارە، کە لە فەلسەفە پێی دەگوترێت میتافیزیک. بۆ ئەوەی بگەین بەم حەقیقەتە، ناگەین بەڵکو ئەگەر هێما بەکاربێنین، بۆ دەلالەتی و نزیک بوونەوەمان لە ئەسڵی بابەتەکە و جیهانە حەقیقەتەکە.

هەروەها بڕوایان وایە لە ڕێگەی چیرۆک وشیعرەوە بگەنە ئەوەی زۆرترین هێما بەکاربهێنن کە لە ئەدەبدا دوو ژانری هەیە ئەدەبین (چیرۆک - شیعر) کە توانیویانە سوودی زۆر وەربگرن کە عیرفان هێمایە لە زمان و ئەدەب. خەیاڵ هەیە لەم سۆنگەیەوە توانیویانە سوودمەندبن.

## پەیوەندی نێوان عیرفان و ئاین:

دین دیوە بەرجەستە نەکراو وتیۆریایەکەی ئاینە، عیرفانیش بەشە نادیارەکەی دینە، ئەگەر دین رۆح بێت، ئەوا ئاین جەستەکەیەتی چونکە ئاین پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤی و مێژوویە عیرفانیش هۆشیاریەکی تاکە کەسی بێناسنامەی جیهانییە، مێژوویەکی تا رادەیەک دیاریکراوی هەیە عیرفان لە دەرەوەی دینێکی دیاریکراودا بە دیدەکرێت، بەڵام حەقیقەت عیرفانی یاخود عیرفانی راستەقینەی خۆی لەنێو دینی ئیسلامدا دەبینیتەوە، عیرفان بە بەشێک و پێویستییەکی هەر ئاینێک دادەنرێت، نەک بە پێچەوانەوە هیچ عیرفانێک بە رەها سەربەخۆ نییە واتە خاڵی نییە لە بیروباوەری دین، بەڵکو نازنامەیەکی دینی لەخۆ گرتووە، هەرچەندە عیرفان جیهانێکی باڵایە مرۆڤی مەزن بە چەندین قۆناغ پێیدەگات، ئاینیش وەک پرۆسەیەکی گشتگیری مرۆی نمایان

دەبێت، هیچ مرۆڤێک لە مێژوودا نەبووە و نابێت بێ ئاین بێت پێویستی پێی نەبێت، عیرفان ئەزموونێکی رۆحییە بەڵام ئاین دەربرین و ئەنجامدانی ئەو ئەزموونە رۆحییەیە کە لە دینەوە هەڵقوڵاوە لێرەدا نابێت لەبیرمان بچێت کە عیرفان تێکەڵ بە دەمارگیری شەریعەت بکرێت چونکە شەریعەت توێکڵی دینە هاوکاتیش نابەسترێت بە هەموو ئاینێکی دیاریکراوەوە، واتە عیرفان پرۆسەیەکی تاکە کەسیی و خۆ ویستانەیە مرۆڤ بە ویستی خۆی پەدەندی دەکات، وەریدەگرێت (سەید: ٢٠١٨، ٣٧)

عاریفانی راستەقینە بوارێکی فراوانن بۆ چەسپاندنی فرەیی ئاین لە عیرفاندا هەموو مرۆڤەکان بەرەو یەک ئامانجی گشتی و رەها دەبزوون کە ئەویش خودا خۆیەتی لە سایەی نووری خودا هەموویان بەیەک دەنگ عاریفان لێوان لێو لە موحیبەت و مەعریفەت، بەگشتی ناتوانین باس لە بانگخوازان بکەین گوایە گرنگی بە عیرفان نادەن، خەلکێک هەیە لە سنورێکی دیاریکراوی بچوکدا عیرفانێکی سەراپا قوڵە عیرفانی فەلسەفی و توانستی عورەفای ئیشتراقی قبوڵ نییە، جگەلەوەی ماوەیەکی زۆر دابرانێک درووست بووە لە نێوان تەوژمی ئیسلامی و تەوژمی عیرفانی، کە زەمەنێکی دەوێ بۆ نزحک بوونەوە راستکردنەوەی چەمکەکان، وە ناشکرێ باس لەوەش نەکەین کە هەندێک تەوژمی عیرفانی جاروبار لەگرێژنەکە دەرچوون و شەتەماتیان هێناوەتە میناوە کە شەرع و عورفی گشتی ئاینی موسولمانان بە رەوای نازانن وە دەتوانین ئەوە بڵێین یەکێک لە هۆکارەکانی توندی ئاین بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە عیرفان، بەڵام ئەمە تاکە هۆکار نییە (بەرزنجی: ٢٠٠٠، ١٢١)

## تەسەوف و عیرفان خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان:

عیرفان و تەسەو هەڵبەتە جیاوازن لەیەکتر بەڵام دواتر لەیەک بازنەی گەورەتردا کۆدەبێتەوە عیرفان زیاتر لەگەڵ فەلسەفەدا باس دەکرێت کە فەلسەفە زیاتر عەقل گەراییە کارکردنە سەر عەقل عیرفان بەکار هێنان و گەرانە بۆ ئەو حەقیقەتە گەردوونیە بۆ خودا لەرێگەی دڵ ئیلهامەوە، عیرفان گەرانە لە ناو دەروونی مرۆڤ خۆیدا بۆ پاک کردنەوەی دەروون، لە رێگەی کۆمەڵێک ریازە و رۆحی وەرزشی ئیسلامی، زیاتر ئیشکردنە لەسەر خودا پاکردنەوەیە تەسلیم بوونە بۆ خودا لە رێگەی گەیشتن بە حەقیەت، دیار و ئاشکرایە هەموو دینێک عیرفانی خۆی هەیە یەکێک لە لایەنەکانی ئەو رۆحییە دەروونیە کە لە قوڵای هەمووماندا هەیە کە بیچێژین بەڵام بوو بە تەسەوف تەسەوف خۆی رێبازێکی دیاریکراوە لەناو عیرفاندا، هەروەها هەموو تەسەوفێک عیرفانە بەڵام مەرج نیەە، هەموو عیرفانێک تەسەوف بێت کاتێک کەسێک لە رێگەی شێخێکەوە و تەریقەتێکەوە بۆچونێکی دیاریکراوی بازنەیەکی دیاریکراو هەوڵی ئەم هەستە عیرفانییە بیت، ئەم حەزە عیرفانییەت تێرکردنە کەواتە ئەم حەزە عیرفانییە، دەبێتە تەسەوف، مەرج نییە شێخ بێت الا لە کەسێکەوە بێت مامۆستایەک بێت، خودای تێدا دەبینێت، لێرەدا جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا هەروەک و چۆن فیقە بەشێکە لە ئیسلام بەڵام مەرج نییە ئیسلام سەر بە فیقە بێت واتە حیرفان بازنەیەکی فراوانترا لە تەسەوف.

١-عیرفان کار لەسەر ناسینی خودا دەکات کاری سەرەکی سۆفیگەریش ناسینی چاککردنی خودە.

٢-عیرفان زیاتر لەدەرەوەی ئاینەوە جیهان بینی خۆی گەڵاڵە دەکات، بەڵام تەسەوف زیاتر لە ناوەوەی ئایندا دەسورێتەوە.

٣- تەسەوف بواری کردەی و تەریقەتی لا پەسەندە، بەڵام عاریف بواری مەعریفی ل پەسەندە.

٤- تەسەوف خۆی بە کۆمەڵێک زیکر و جوڵەوە دەبەستێتەوە و پێیانەوە پابەند دەبێت، بەڵام عاریف بیردەکاتەوە و ڕادەمێنێت. (حسین سید: ٢٠١٨، ٥٥)

زۆرجار لێرەدا چەمکی تەسەوف و عیرفان ئاماژە بۆ یەک حەقیقەت دەکەن، بەڵام ئەوەش هەیە کە هەندێ لە زانایان هەڵساون بە پێناسە کردنی هەریەک لەم دوو چەمکە دواجار رایان وابووە کە جیاوازی لە نێوانیاندا هەرچەندیشە لە ڕووی زارەوە و ماناوە جیاوازن (تەسەوف) ڕێبازێکی دنیا ویستانەیە لەسەر بنەمای ڕێسا شەرعییەکان و پاک کردنەوەی دڵ و دەروون پشت هەڵکردن لە دونیا بە ئامانجی گەیشتن بە حەقیقەت و کامڵ بوون، بەڵام زانستی عیرفان قوتابخانەیەکی فکری و فەلسەفی و باڵا و قوڵە بە ناسینی حەقیقەت و ناسینی شتەکان کاروبارەکان و گیروگرفت و نهێنی زانستەکان (أحمد: ٢٠٢٠، ٤٥)

## پەیوەندی هێما و لە عیرفان و تەسەوف و شیعردا

### (تەسەوف و هێما):

پشکی شێری مەعریفەی دین بەندە لەسەر رەمز/ هێما و تەئویل

هێما بریتییە لە ئاماژەیەک بۆ هەبوونی شتێک کە زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرێت چونکە ئەو هێمایە زیاد لە روویەکی هەیە هەربۆیە لە تەفسیر کردن و تەئویل کردنیدا زیاتر لە تێگەیشتن و تێڕوانینێک هەڵدەگرێت.

لە مەحریفەی دیندا هیچ گرووپێک بە ئەندازەی ئەهلی تەسەوف کاریان لەسەر هێما و تەئویل نەکردووە چیرۆکی حەزرەتی یوسف هەموو روداووەکانی، جگە لە هێما گەلێک بۆ دەرخستنی مەقامەت و جودی حەزرەتی یوسف و دەرخستنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردرابوو هیچیتر نییە جیرۆکێک نمونەیەکی جوان پڕ لە ڕوداووی رەمزی، هەروەها یەکێک لە روداووەکانی کەوتنە داوی زولەیخایە بۆ عەشقی یوسف پێغەمبەر ئەم رووداوە خۆی لە دوو دیودا دەبینێتەوە کە دیوێکی دیار و دیوێکی نادیارە، دیوە دیارەکەی بریتییە لە ڕودانی خیانەتێکی زەوجی لە لایەن زولەیخاوە و توشبوونی بە دروستکردنی بوهتان بۆ یوسف پێغەمبەر. لەبەرامبەر خوداشدا منداڵێک لە خۆیان دێنێتە زمان بۆ بەرگریکردن لە پاکێتی یوسف، دواتر لەکۆتاییدا زولەیخا دان بە تاوان و هەڵەی خۆیدا دەنێت. (سیوەیل: ٢٠٢٢).

هەروەها دیوی دووەمی عەشقی زولەیخا کە هاوسەری ئەزیزی میصری دەوڵەمەندە واتە خاوەنی هەموو دونیا ئەکەوێتە داوی جوانی یوسف(شەیدا ئەبێت)، لەکۆتایدا دەستبەرداری هەموو شتێک دەبێت.

هەروەها مەسنەو و هێما عیرفانییەکان( زمانی چیرۆک، شانە و هێماکان لە مەسنەویدا) ژیانی مرۆڤەکان لە سیمبول و هێماکان پێک هاتووە، کە واتاکان واتایان هەیە و تەواوی ئەم داستان و سیمبولانە لە راستیدا هێمای یەک واتان، مەراسیمە ئاینییەکان لەکۆندا ئاینی ئێمە پڕ لە سیمبول و نیشانە و هێما گەلێک لە چەمکەکان بە ئێمە دەگەیەنن، تەنانەت رەنگەکانیش سیمبول گەلێک لە چەمکە جۆربەجۆرەکانن، چیرۆک و دین و ئایننەکانیش پڕ لە سیمبولێکن لە تەواوی ئاینەکانیش مەیلی سیمبولێک بوونی هەبووە هەیە نەک هەر لە ئاین سیمبول بەرچاو بکەوێت بەڵکو لە هونەرەکانی وەک و پەیکەر سازی و گۆزە کەرکە رەسمی لە قوردا دروست کراو شآنۆ و سینەما لە سیمبولێک و هێماکان سودی زۆر دەبینێت، بەکورتی سیمبول هێما لە هەموو جەمسەرەکانی ژیانمان بەربڵاوە (نادر: ٢٠١٩، ٤١) هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە و ئیشارەتێک دەکرێت بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە پێگە و پایەی بەیەخی لاوان کە وەک و نمونەیەک باسی دەکات نمونەی یەکەم : ابراهیم کاتێک سەرنج لە ئاسۆکانی بونەوەر دەدات و بە ئەقڵ و ئەزمونی رۆحی خۆی خودای بەدیهێنەر دەدۆزێتەوە و هەوڵی نزیک بوونەوەی دەدات و شۆڕشێک بەرپا دەکات بتەکان دەشکێنێت و بە ویژدان لە وڵاتەکەی خۆی کۆچ دەکات ئەو دەبێتە پێشەوای ئەهلی تەوحید و باوکی پێغەمبەران بەم شێوەیە ابراهیم دەبێتە نمونە و سیمبولێکی جوان بۆ زانا و هۆشیار و پێگەیشتوو بەهەڵوێست و تێکۆشەر ئامادەیە لە پێناو کامڵاتی ئینسانی و بەرقەرار بوونی دادگەری ئاوارەی وڵات ببینێ و زێد و نیشتیمانی خۆشەویستی خۆی بەجێ بهێڵێ. (بەرزنجی : ٢٠٢٠، ٥١).

هەموو ئەو شعرانەی کە بەکاردێن و پێکهاتوون لەو هێمایانە بە جۆرێک وێنا ناوێک بۆ وێنای ئەو شتانەی کە دەتوانین ، واتاکەی لە بنەڕەتەوە بناسێنین و دەری بخەین، کە خۆی ئەسڵی وشەکە نیە، بەڵکو لە پشت ئەو وشە نانەوە دێین لایەنی دووەمی واتاکە نیشان دەدەین. کە زمان ئەو وشانەی دەنگەکانی بۆ دەربڕین هێمان بۆ ئەو وشانەی کە خۆمان مەبەستمانە بۆ واتاکان کەواتە عیرفانی ئیسلامی خۆی هێمایەکی دامەزراوە زمانێکی هەیە لەسەر خەیاڵ و ئەدەب وەستاوە ، هەردوکیان نزیکن لە یەک هەبۆیە دەتوانین ئەو پەیوەندیە هاوبەشەی نێوان زمان و عیرفا بووەتە هۆی دروستکردنی ئەم هێمایە، کە لە دوو ژانری ئەدەبیدا بەکارهاتوون لە (شعر و چیرۆک) ئەم هێمایانە دەبینرێت....

## پەیوەندی هێما بە شیعری عیرفانیەوە/

وەک ئاشکرایە، بەکارهێنانی زمان لەلایەن عاریفەکانی کورد و فارسدا سوودیان لە زمان وەرگرتووە بۆ گوزارشتکردن لە درووستکردنی ئەو خەیاڵانەی کە لە شیعری و چیرۆکیان باس لێوەدەکەن. لە رێگەی ئەو هێمایانەی کە بەکاری دەهێنن بۆ نزیککردنەوەی لە حەقیقەتی شتەکان و هەر بۆیە لەم رێگەیەوە پەیوەندی هێما بە شیعرەوە دروست دەبێت و پەیوەندیەکای ڕاستەوانەیان لەگەڵ یەکدا، هەیە بە بێ بوونی هەر یەکەیان ناتوانین شعرەکە دیاری بکەین، ئەم پرۆسەیە دروست دەبێت، وەک پێشتریش لە بابەتەکانی تر ئاماژەمان پێداوە زۆرترین هێماکە دیاری کرابێت سنورێک لە نێوان شعر و چیرۆکەکاندا داگیر کردبێت، ئەوا هێما ئایینی وعیرفانییەکانن، چونکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە زۆرترین شاعیران مسوڵمان بوون و لە

تەکیە و خانەقاکاندا خوێندنیان تەواو کردوە و زیاتر هێما ئاینییەکان بەسەر بیر و هەست و کۆمەڵگاکەدا یارە و باسیان لێوە کردووە، زیاتریش ئەو شاعیرانەی کە سۆفیگەری و تەریقەتی شێخ و مەلاکانن کاریگەری لەسەریان بووە، هەر لە بنەڕەتدا ئەدەبیاتی سۆفیگەری خۆی لەسەر دانان و بەیانکردنی کۆمەڵێک ڕەم بنیات ناوە، جگە لەوەی زۆربەی شاعیران ئاین بە سەرچاوەی گنگی وەرگرتنی ڕەمز دەزانن، لە ڕێگەی ئەو چیرۆک و شعرانەی کە بەسەر خۆیانەوە، و لە ڕێگەی کۆ کرنەوەی زانیارییەکان و لە عولەما شەرعییەکان، لە خوێندنیان لە حوجرە و مزگەوت و تێکەڵاوبوونی ئیلاقەی کۆمەڵایەتی ، کە ئەو کاتە زیاتر ئەم ئایینە لە نێوان ژیانی ئاسایی و خوڵکیدابوون کە کارلێکردن هەبووە، هەر بۆیە هێمای ئایین جیاوازتر لە هێماکانی گرنگە تایبەتی خۆی هەبووە، بە سەر نەتەوە و کۆمەڵگا جیاجیاکانیترەوە بایەخی زیاتری هەبووە، لە شاعیرانی کلاسیکەوە ڕەواجی زیاتری هەبووە، ئەم هێمایانە زۆرترینیان لە (کتێبە ئاسمانییەکان و قورئان و تەورات) هەموویان هۆکاری تایبەتی بوون بۆ سەرهەڵدانی ڕەمز بەسەر گەلانی شاعیرانی ڕۆژهەڵاتیشەوە، هەر بۆیە ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان هێما و شعری عیرفانیدا هەیە، پەیوەندیە گشتی و تەواوکەری یەکترن و پێکەوە لایەنێکی زمان و جوانکاری لە دەربڕیندا دەردەخەن، لەلایەن کەسانی تێگەیشتن و بەراوردی ڕادەی بەرزی و نزمی شعرەکانیان بە پێی لایەنی ئەم هێمایانە جیادەکرێنەوە.

یەکێکیتر لەو هێمایانەی لە بابەتی شاعیرانی کلاسیک بەگشتی ئەنجامیان داوە بریتی بوون لە مامەڵەی ڕەنگ ئەمەش هەروەک لەو جۆرە نمونانەی کە بەکاریان هێناون بۆ ناو بابەتی غەزەلی شیعرەکانیان پێیان ناسیون و هەلبەتیشە هەریەکێک لەم رەنگانە لای هەریەکەیان خاسیەتی جیاکەرەوەی خۆی هەبووە و تایبەتمەندی شاعیرەکانیان گۆراون و شێوازیان بەکاریان هێناوە، هەڵبەتە ئاماژەکردنە بە گرینگیدانی شاعیران و ئەدیبانی کلاسیک بە مەسەلەی رەنگ لە جیهانی ئیسلامدا بە گشتی لا کردنەوە بەلای ئەم بابەتەدا زۆر نوێیە و تەنها چەند وتارێکی کورتی لەسەر نوسراوە لە ئەدەبیاتی ئاینی و عیرفانیدا بابەتی رەنگ و مامەڵەکردن لەگەڵی دا جەخت لێکراوەتەوە. لە قورئانی پیرۆزدا باس لە سەوزای بەهەشت و جل و بەرگی ئاڵ و والای خەڵکانی بەهەشت دەکات هەروەها لە وەسفی باخەکانی بەهەشتدا قورئان دەفەرموێت(هێندە سەوزن لە سەوزیدا رەش دەچنەوە) لە باسی قیامەتیشدا ڕەنگ گرنگی خۆی پێدراوە لەکاتی قیامەتدا دەفەرموێت( ئاسمان دێتە خوارەوە رەنگی وەک گوڵە) ئێمە دەزانین کە گوڵ جوانە بەڵام لێرەدا بۆ ترسناکی بەکار هاتووە(مەحوی: ٢٠١٩، ٥٧).

هەروەها لێرەدا گرنگە بزانرێت رەگی قوڵی ئەو هێماو رەمز و مانا و ئیشارەتانەی باسیان کرد لەسەرچاوەکانی خودی ئەو ئەزموونەدایە، شیعری صۆفیانەی کلاسیکی کوردی بە گشتی لە خودی سەرچاوەکانی ئاینی ئیسلامەوە هەلقوڵاون ئەو سەرچاوانەش بریتین لە قورئانی پیرۆز و فەرمودە.

ناکرێ ئاماژە بۆ قۆناغە هەرە گرنگەکانی ڕەنگ ڕێژی ئەو ئەزموونە لە دووەمین و سێیەمین سەدەی کۆچیەوە نەکرێ لە بەکار هێنانی ئەو وشە و ئاماژانەی کە نوسراون هەندێکیان لێکدانەوەیەکی سادەیان لێدەکرێتەوە بە پێی ڕواڵەتی ماناکەی، هەروەها لێکدانەوەیەکی قوڵیش هەیە کە هەموو کەسێک پەی پێنابات، هەروەها هەر لە قورئانی پیرۆزدا چەندین هێما هەن ناکرێ ئاوها بە سانای و ساکاری گوزەریان بەسەردا بکرێت. بەڵکو

دەبێت بەوردی شوێن پێی مانا شاردراوەکە – بەمانا ڕاستەقینە و قوڵەکەیە، ئەم کۆششە تایبەت و جیاوەزەی بدۆزرێتەوە لە لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز لە هیزری ئیسلامدا بە لێکدانەوەی ئیشاری- للتفسیر ئیشاری- ناسراوە، وە هەر کەس کە فەهمی تێدەگات هێما- ڕەمز مەعنەوییەکان دەدات لەوەی مەبەست لە "نار" ی ئایەتی الحشر دورری و جودای مەبەست لە "جنە"ی هەمان ئایەت پێک گەیشتن "ژوان"، (گۆڤاری کامەران سیوەیل- بەسەرچآوەکەی پێشوو).

هاوکات جگە لە بابەتی قورئانەکە چەندین دەستەواژەی ئیشارە و لێکدانەوەی هێمایان کردووە، بۆ تێگەیشتنی لێرەدا شاعیران لەناو بەیتە شیعرەکانی خۆیاندا چەندین وشە و دەستەواژەیان بەکار هێناوە کە ئاماژەیە بۆ ڕەمز کە ئەگەر لێکدانەوەیان بۆ بکەین ئەگەر نمونەی شیعری خەمریات وەرگرین لەناویاندا دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ئەدەبیاتی کلاسیک بۆ سەدەی نیوەی دووەمی قەرنی دووەم کۆچی عاریفەکان شاعیرەکانیان بونەتە هێمایان بەکار هێناوە بۆ نمونە شێخ عبدالقادری گەیلانی عارفێک بووە و حەللاج نمونەی شیعرێکی وەرگرتووە، لەناو چەند زاراوەیەک تێیدا لە استمارەی للحلاج وەریگرتووە خمریات عسر العباسی من مثل ندیمی – ودوران نائیب وتعانی روح ئەو بادەیەی باس دەکات کە دەڵێت جامێکە بۆم بێنە و ئەیخواتەوە و ئیسراحەتی پێدەکات، ڕەمزی عیرفانی بە گوێرەی پلە و ئاستی خۆی نوسیویەتی هەروەها بۆ کەسایەتی چەند شارێک بایزید قسطان – حلاج شیخ قوشیری( نصر: ١٩٧٨، ٣٣٧)

ئەی گشت خەلقی نای تۆ، پربووە لە ئەوای تۆ

گەر تۆ سەماعخوازنیت، دەست بە نای گریان مەکە

(نای، نەی) سەماعخواز: هێمایە بۆ موشتاق بۆ بیستنی ئاوازی خۆش و ئاهەنگ ساز.

- شێخ دوێنێ بە چرا، بەدەوری شاردا گەڕآم

کە لەدێو و درنج مەلوم ئینسانم دەوێ (نەجم، ٢٠١٧: ١٨)

(دێو) و (درنج) مەبەستی لێی مرۆڤی خراپ و بەدزاتە

لێکدانەوەی نمونەی شیعری عیرفانییەکان دەخەینە ڕوو:

دڵنەوازان، نازنازان بەرێوەن

گوڵخوازان لە گوڵستان وادەگەن (حەبیبە: ٢٠١٨: ١٦٦)

لێرەدا:

(دڵنەواز) هەرشتێک یان کەسێک کە ئارامی دەروونی و رۆحی بەدڵ ببات لێرەدا دڵنەوازان هەمان (گوڵەکانی گوڵخواز) سیمبولی کەسێکە روخساری وەک گوڵ سور بوبێت.

بۆیە لێرەدا شاعیر بەیتەکەی خۆی بە تێروانین و جیهانبینی دین و عیرفانی خۆی بە بەهاری سروشت بەبەهاری گیان دڵ پەیوەست دەکات

بە پێچی خوار و خێچ ئیما دەکا پیری تەریقەت بێ

حەقیقەت بیرە زاهید پیرە گوڵم کردووە تەریق ئەمما

(ئیما) ئیشارەت و هێمایە. تەریقەت: ڕێگای سۆفیانە بۆ خواناسی. تەریق: ڕێگا

واتە: ئەم پیرە زاهیدە پیرە بەڵام پیری تەریقەت نیە، ڕێگای تەریقەتت گرتوە (عەبدولکەریم: ١٩٦٨، ٦٣)

بەشی دووەم

پراکتیکێک هەوڵێک بۆدیاریکردنی هێما لەشعرە عیرفانەکانی بێخودا.

١.هێمای ئاینی

٢.هێمای ئەفسانەی

٣.هێمای کۆمەڵایەتی

٤.هێمای مێژووی

.

هێما لەشعری شاعرانی فارس

هێما لەلای حافزی شیرازی

هێما لەلای مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی

هێما لەلای شاعیرانی کورد.(پێش بێخود)

مەحوی

وەفایی

نالی

ژياننامە(زايۆگرافی) بێخود

## هێما لەشعرە عرفانەکانی بێخود دا

١/ هێمای ئاینی:

بابەتی ئاینی زیاتر لە شعردا " ئیلاهیات"، ڕوو لە خواو نزاو پاڕانەوە لێی لەوەسفی پێغەمبەر و ئال و بەیتن، هەروەها داواکردن شەفاعەتی پێغەمبەران.

دواتر لە ئەنجامی چاکسازین و زوهد- سولککردن ڕێبازی دیدێکی تر لە ئیسلامدا داهات، کە بە ستوفیزم ناسراوە، شاعیرانی کورد هەر لەمەلای جەزیری و مەلا پەرێشان تادەگاتە شاعیرانی کلاسیکی نالی، سالم، مەحوی و وەفایی.... هتد- تاکو بێخودیش کە بەشێوەیەکی بەرچاو بابەتی ئاینی و خواپەرستی لە شیعرەکانیاندا بەدی دەکرێت سرود و هۆنراوەی ئاینیان گوتووە، زۆرباش لە ئاینەکە گەیشتوون، باسی گەورەیی میهرەبانی پەروەردگاری جیهانیان کردووە، (بێخود)زۆرێکە لە بابەتەکانی بیری ئاینی و سۆفیانەو وەسفی خوا و پێغەمبەری دوعا و پاڕانەوە وەسفی یارانی پێغەمبەری شێخ و سەیدەکانە، شاعیر لە سەردەمێک لە دایک بووە کە خوێندنی حوجرە سوقتە خانە باوی هەبووە، لە هەمان کاتدا لە خێزانێکی زاناو لە منداڵییەوە مێشکی پڕی ئاینیەوە زانا دەورەدراوە. ( علی: ٢٠١٦، ٣٢)

ئاشکرایە بێخود دوای خوێندنی حوجرەی تەواوکردنی سەردەمی فەقێتی فێری هەموو زانستە ئیسلامیەکان بووە، پاشخانێکی ئاینی و توێژاڵێکی سۆفیانەیان لە خۆگرتووە، زۆربەی هەرە بەیت و غەزەلەکانی لەو وەسفکردنی پێغەمبەر و هاوەڵانی تەرخان کردووە، وەسفکردنی بەم شێواز و بنەوانی لە مامەڵەی شاعیرە سۆفیەکانەوە وەرگرتووە، کە پەنایان دەبردە بەر وەسفکردنێکی سیمبۆلیی وەها هەریەک لەو وێنە شاعیرە کە بە ڕواڵەت جوانی فیزیکی دەرەوەن، لە ناخی دا بیری ئاینی سۆفیانە هەیە، زۆرجار بێخود ئایەتەکانی قورعانی لە شیعرەکانی بە شێوەی " ئاماژە" بەکارهێناوە، ( حوسێن: ٢٠٠٤، ١٤١) بە شێوەیەکی گشتی ئاینە ئاسمانیەکان و کتێبە پیرۆزەکان، هەمیشە هۆکارێک بوونە بۆ دروستکردنی ڕەمز، چونکە لە ڕێگەی ڕەمزی ئاینی یەوە حەقیقتەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەبێت، واتە پەیوەندیەکی زۆر باش هەیە لە نێوان ئاین و ڕەمزدا شاعیر کەسایەتی و ئاینیەکان وەکو ڕەمزێکە لە بەیتەکانیان بەکاری دەهێنێن.

ئەوائەی شەمعی بەزمئارایی دین، پەروانەکەی خۆت هات

بە شوعلەی ئاگری ڕووت جەرگ و دڵ بوریانەکەی خۆت هات (٢) (مەلا کەریم: ٢٠٢١، ٢٨)

لەم بەیتەدا هاتووە کە (شەمع) و (پەروانە) کە دوو هێمای عیرفانی بەکارهێنراون کە مەبەستی (مۆم) لای عارفەکان بۆ پیر و مامۆستای ڕۆحی بەکارهاتووە، کە وەک مۆم دەبینرێت و کە تاریکی ڕووناک دەکاتەوە، کاتێک کە مرۆڤەکانیش بە دوای ڕووناکی ڕاستدا دەگەڕێت، (پەروانە) بە باڵی پەپولە چوێنراوە، کە ئاماژە بۆ شینەکە دەکات.

پیش شیری آهوی مرهوش شد

هستی اش درهشی او اروپوش شد شد

لێرەدا (ئاسک) و ( شیر) وەکو هێمایەکی عیرفانی بەکارهێنراون، لە بەرامبەر هێمای عیرفانی وەک باسی لێدەکرێت ( شێر) بۆ پیر و شێخ و مامۆستای بەرۆح (ئاسکە) بۆ قوتابیکەی مورید بەکارهێنراون.

واتە: لەبەردەم شێرێکدا ئاسکێک واقعی ڕۆما و مەست بوو، کە مەبەستی شێنکەی خۆیەتی کەبینیویەتی، بوونی خۆی واتە ئاسکەکەی موریدە، بوونی خۆی لەگەڵ بوونی ئەدوا لە ئەگەر شعربەندی یەکەم جار لەلایەن مولانا جەلالەدین ڕۆمی وتراوە بۆ شەمس ئەمەی نوسیوە.

بەهۆی ئەوەی ئەم شاعیرە دیارە، کاریگەری زۆری قورئانی لەسەر بووە و بەوەی کە چیرۆک و بەسەرهاتی تێدا هەیە، کە هەمووی دروست و دەهەقی حەقیقەت و مانای جوانی ژیان دەکەن. لە پەند و ئامۆژگاری جوان. وەک بێخود بیری سۆفیانەی هەبووە، (زوهودی)پشتە لە دونیاکردن ئەم زاهید بوونەی لە خۆشەویستی و کەشفی پێغەمبەردا بووە، دروست بووە. "الزهد" بەزارەوەی سۆفیگەری دادەنرێت کە بێخود خۆشی سۆفی بووە، نموونەی جوانی ژیانی پێغەمبەرانی کردووەتە، نموونەی ئاکاری ژیانی خۆت و بەتەواوەتی کە پشتی لە دونیا کردووە، دیارە بەهۆی ئەو زوهوەوە بووە، کە ژیان تەرخان کردووە و قیامەتی خۆی هەوڵیداوە و کە زانیویەتی حەز و ڕازی ئەم دونیا بڕاوەیە و ئەبێت لە دونیا حەقیقەتە کە هەوڵبدەین بۆ بەدەستهێنانی کە دونیای ئەمڕۆی گۆڕیوەتەوە بە قیامەتی خۆی.

هاوکات لەگەڵیدا لە غەلەکانیدا هەندێ دەستەواژە و وشەی بەکارهێناوە لە شعرەکانیدا وەکو بەکارهێناوە، ڕەنگی داوەتەوە دیارترینیان:-

(کەوثەر) وەکو تەنوورەیی چاوی پڕ ئاومە

(دۆزەغ) وەکو تەنووری دڵەی پڕ هەڵاومە (٢) (مەلا کەریم: ٢٠٢١، ٢٦)

لێرەدا شاعیر دڵی بە کوڵی سوتاوی ناخی هاوار و شیوەن دەکات باس دەکات پێی وایە کە بەهۆی زۆری فرمێسکەوە (ئاوی کەوسەر) وەک چاوی شاعیرە دۆزەخیش/ وەکو تەنورەی گەرمی دڵی وایە. بۆیە (کەوثەر) وەکو هێمایەکی بەکارهێناوە، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بۆیە کەوثەر مەبەستی ئەو ئاوەی بە هەشتەی نیە، بەڵکو ئاوی چاوی کە هەمیشە لە گریانە فرمێسک و ئاوی لێدێت و بەردەوامە. دۆزەخ/ دڵی ئەوەندە تەنگە و ئازارە دڵی کردۆتە هێمایەک بۆ دۆزەخ.

شوکوری خودا کە بۆ دڵی پڕ چلکی مەعصیەت

وەک صەیقەلێکە کە دەورت زەردایە غەوث ( دیوان) ( مهد: ٢٠٢١، ١٨)

لێرەدا : شوکری خودا بکە کە دڵت پڕ گوناح و تاوانە لە مەعصیەیەت

کە پاکەرەوەیەکی ئەو گوناح و تاوانە کە دایم لە دەوریدایە بۆ پاکردنەوە. (١٨)

(ژەنگ) گوناح و تاوانیان و وەک شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ بەکارهێناوە.

(غەوث)پاکەرەوەی ئەو گوناح و تاوانەی کە ژەنگ پێ پاک دەکرێتەوە.

(دیوان) کە وەکو هێمایەک بەکاری هێناوە بۆ ئەو تاوان و گوناحە.

واتە/ بێخود سوپاسی خودا دەکات بەوەی کە شێخ عەبدولقادری گرێ کاری سەخت بۆ دڵی خەڵکی دەکاتەوە، وەکو بای (سەبا) وایە: غەوث ی هێما کردوە بە ناڕاستەوخۆی بە بای سەبا و دڵی خۆی و دەوروبەریش بە (خونچە) وەک چۆن با دەبێتە هۆی کرانەوە و گەشبوونەوەی خونچە، ئاواش (غەوث) دڵی ئەوان دەکاتەوە، بە خونچە و بای سەبا.

ئەمجا لە عوود و رودونەی و مەی شەراب ئەدووم

یەعنی لە غیری ساقی یو موتریب خراپ ئەدووم ( چوار خشتەکی- دیوان: ٢٠١٤، ١٥٤)

لە مەجلیس عیشقدا قسەکردنەکان لەسەر (عوود و نەی و مەیە) لێرەدا زاراوەی شوفیگری بۆ عیشقی حەقیقەتی خودا دەوترێت دەخۆنەوە و مەست دەبن،

لێرەدا: مەی: لە بەیتە شعرەدا مانای عەشق دێت یان ساقی: بە واتای (خودا دێت) یاخود هەندێک جار بە مانای ("پیر") دێت وەکو هێمایەک بەکارنەهاتوون لە شرمی عیرفانیدا. (غەریب: ٢٠١٦، ١٨)

## ٢/ هێمای ئەفسانەیی (myth. My tho)

ئەفسانە_ myth بەنیسبەت مردۆڤی دێرینەوە باشترین وەسیلەوە بووە بۆ تێڕامان بە مەبەستی تێگەیشتن لە سروشت و دیاردە و نهێنیەکانی پەیوەست بەبیری سەرەتایی مرۆڤ و یەکەم قۆناغی بیرکردنەوەی فەلسەفی یەو دیاردەیەکە بە واتایی (( خەیاڵ یان وەهم)) دێت.

ئەفسانەکان لە کۆنە بەکارهاتوون ئامانجی بەکارهێنانی ئەفسانە وەکو ڕەمزێکە لەلایەن شاعیرانی هاوچەرغ بریتیە لە بە دیهێنانی خودێتایە چەپێنراوەکەی و باسکردن لە ترسناکترین مەسەلە و بۆ جیهانی ئەمڕۆمان پڕ لە دژایەتی بەشێوەی کاریگەرەوە هەڵبژاردنیان ئەفسانەکان دەگەڕێتەوە بۆ گوجاندنیان لەگەڵ بارودۆخی گشتی و ڕۆشنبیری شاعیرەکە کوردیش لە پاڵ ئەوەی کە خاوەنی سامانێکی فۆلکلۆریە، ئەفسانە. ڕووبەرێکی دیاریکراو، بۆ تەرخانکراوە و پاشان لە پاڵ بەکارهێنانی ئەفسانە وەکو ڕەمز دەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی جیهانی دووەم لای شاعیران: وەک گۆران، کامەران، هەژار، دڵدار....هتد، ئەفسانە هەمیشە بە ڕەمزەوە بەستراوەتەوە، زۆربەی کات بەیەکۆ ناویان دەهێنرێت- چونکە کانگایەکی دەوڵەمەندە دەلالەتە ڕەمزییەکاە کە شاعیر

دەتوانێت تاقی کردنەوەکانی خۆی بەهۆیەوە دەوڵەمەند بکات، لێکۆڵەوەران هەوڵی ئەوەیان داوە خاسیەت و تایبەتیەکانی ڕەمز و ئەفسانە دیاری بکەن. لەوەی ئەفسانە گشتگیر و گەردونیا، بەڵام ڕەمز چەمکێکی رۆشنبیرییە لەلایەن شاعیر و ڕۆشنبیرانەوە، یەکگرتنی ئەم دووانمایە {ڕەمز و ئەفسانە} ڕەمزێکی ئەفسانەیی دروست دەکەن (حمد: ٢٠١٢، ٢١٣) شاعیرانی هاوچەرخ لە سایەیی ڕۆشنبیریەوە فراوانەکەیەوە کۆمەڵێک دەستەواژە و وشەیان بەکارهێناوە وەکو ئەفسانەیەک بەکاریان هێناوە، کە لەو قۆناغەی تێیایدا ژیاون: لە ئەفسانەی سۆمەری، ڕۆمانی، فیرعەونی، بابلی ئەفسانەی کوردی... هتد شاعیران سوودیان لەم ڕەمزانە بینیوە دای دەڕێژن، لێرەدا، نموونەیەک: (سیزیف) پاڵەوانی ئەفسانەی یۆنانیە کە سزای دراوە بەوەی کە بەردێکی گەورە بەسەردا بخات. لە چی بەردەکە هەتا نزیک لوتکەکە دەبات و لەوێوە غلۆردەبێتەوە جاری تریش دووبارە، دەکاتەوە، بەو هۆیەوە شاعیر (سیزف) وەکو ڕەمزێکە ئەفسانەیی بەکاردێنێ، دیارە سیزیف بروەتە ڕەمزی کۆڵنەدان ( گەردی: ٢٠٠٢، ٢٨٧) لە ئەفسانەدا شاعیر سوود لە بابەتی چیرۆکی یەفسانەیەکان وەردەگرێت، لە تێکست و بەیت و دەقەکانیان بەکاری دەهێنن بۆ نموونە ئەفسانەی (کاوە)ی ئاسنگەر وێرای ئەوەش نموونەی زۆر هەن { ئەم ڕەنگە خوێنی مێشکی پژاوی سیاوەشە

بەرگی گوڵی بیساطی زەمینی حەمییەتە

بەم دوو دێڕەی شاعیر بەسەرهاتی کورد لەو ڕۆژە ڕەشەدا بەرجەستە کردووە ڕشتنی خوێنی لاوانی کورد بە ڕشتنی خوێنی سیاوەش چواندووە، {سیاوەش} پاڵەوانی داستانی شانامەیە، پیاوێکی خێرخواز بووە لە تۆڵەی خوێنی ئەودا زۆر شەڕ کراوە بە پەند واتە شاعیر سوودی لەو هێمایە وەرگرتووە کە ئەفسانەییە. ( دڵشاد: ٢٠١٩، ٢٢١)

ئەفسانە ئەو ڕووداوانە باس دەکات کە لەسەردەمێکی زۆر کۆندا باس دەکات ڕوویانداوە و سەرەڕای ئەوەش ئەفسانە پێویستی بە پاشنەیەکی مێژووین هەیە. ئەو حیکایەتەیەکە خواوەندێکە ئەبێتە پالەوانەکەی، ڕەمزیش لە ئەفسانەدا کاتێک مرۆڤی کۆن لەگەڵ هی تازەدا یەکدەگرێتەوە بەڵام بە پێی سەردەم قۆناغ لە هەردووکیاندا بەشێوەی جیا ڕەمزیان بەکارهێناوە گێڕاوەتەوە بەڵام دیارە مرۆڤی ڕەمز لە شتەکانی تر جیادەکاتەوە، بە پێچەوانەی کۆن، ئەمەش بۆ هەستکردن بۆ بە یەکێتی ژیان و پیرۆزیەکەی دەگەڕێتەوە، فیکری مرۆڤ لە ئەنجامی قەدرێکی زۆری ڕەمزی وەرگرت کە بنەڕەتیەکەشی بۆ کەلەپورە ئەفسوناویەکانی کۆن دەگەڕێتەوە، ڕەمز هەر لە کۆندا باس کراون ڕەگەزی ئادەمیزاد بە گشتی، بوونەتە نموونە بنچینەیەکە، کەس وەکو گلگامێش نیە لە بڕیاردان و سووربوون لەسەر شتە خەیاڵیەکەی، دیارە لە هێما ئەفسانیەکان نموونەی زۆریان هەیە، بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕەمز و دەستەواژانەی بەکاریان هێناوە. ڕەمزی هەتاو، هێمای ( تیشکی و ژیان) کە ڕەمزێکی کۆنی سەردەمێکە کە بەکاریان هێناوە بۆ قوربانیدانی کە پێشکەشی ئەو هێزە شەڕانیانە ئەکرێ کە بە شێوەی دەڵە سەگێک خۆیان ئەنوێنن، یان ئەو شەیتانانەی کە لە گۆڕستانەکاندا نیشتەجێ بوون. (البدری: ١٩٦٨، ٦٩)

لە کۆی هەموو ئەو باسانەی کە لەبارەیەوە خرایە ڕوو گەیشتینە سەر ئەو بڕوایەی کە مرۆڤ کەلە سەردەمێکدا ژیابێت. کەلە زمانی ڕۆژانەی هەندێ جۆری لە بابەتەکانیدا بەکاردێنێت وەکو مامەڵەیەک کە پەیوەندی گێڕانەوەی ئەو زەمەنەی تێدایە، گەڕانەوە بۆ هەندێ شت کە لەلایە نامۆ بووە، بە پێی سەردەمی کۆن و تازە، لێکیان داوەتەوە و تاکو گەیشتوون بە قەناعەت و بیروا هێنان لەلایەن کەسانی شارەزایان پێش

خۆیانەوە یان ئادەمیزادەوە هەر وا هاتووە، ناتوانن بیگۆڕن جێگەی تێڕامان و سەرنج و گرنگی ئەوان نیە، واتە ئەفسانە قۆناغێکی دواکەتووی بیری مرۆڤە، کاتێک ئادەمیزاد بوو بە خاوەن توانا و زمانەکەی بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ڕەوان بەکاربهێنیت، ڕۆڵ و نرخی ئەفسانە کرز بوو، لەلایەن خەڵکەوە توانی لە ڕێگەی هەست و بیری خۆی بەرامبەر بە کەون و دەوروبەرەکەی دەربڕێت، هەڵبەتە کاتێک مرۆڤ و لێکۆڵەراوان و سەرەتا هەستیان دەکرد وردە وردە ئەفسانە خۆی مانای شاراوەیی ئاڵۆز و لێگەیشتنی ئاسان نیە، لەلایەن زانا و لێکۆڵەرەوانی پێشەنگی سەردەم بوون، هەوڵیان داوە ئەو هێمایانە دەربخەن، کە سەرەتایی ئاشنابوونیان وەکو خەیاڵێک و خەونێک لێکیان داوەتەوە، دواتر لە دوای ئەوەی بە شێوازێکی زانستی قوڵبوونەوەیەکی بۆیان ڕوونبووەتەوە.

عەنقایی قاض، بازی تەریقەتە

قوربیەتی سەعادەتە، یەعنی هومایە غەوس(١) (دیوان- کەریم، ٢٠٢١: ٤٧)

عەنقا: (سیرخ) کە باڵدارێکی کەمیابە. قاف: مەبەستی کێوی ئەفسانەی قافە.

قوربیەت: نزیکە لێوەیە. هوما: کەباڵدارێکی ئیسقان خۆرە ئەتێت سێبەر بەسەر کەسەوە بکات. ئەبێ بە پادشا.

زوڵمەت نەدیدە چونکە گەیشتی بە ئاوی ((خضر))

تۆ نامریت و عالەم ئەکا یەک بە یەک وەفات (١)(دیوان- کەریم، ٢٠٢١: ١٠٧)

خضر: ئیشارەبەوەی کە ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە بۆیە نامرێ، بەوەی کە دەڵێن ئاوی حەیات لە تاریکیدایە ( ئاوی خضر) بۆنی ئەفسانەی لێدێت بەڵام دەنگە هەیە خضر نەمردووە و نامرێ بەڵام شاعیران ئەمانە زیاتر بە مانای بقاء واتە: مانەوە و مانای عیرفانی پێ دەدەن.

بە تیض شەرع و دیرعی وەن و بەرزی عیلم و گورزی زوهد

خودا بیکەی بەسەر هاو عەسری خۆیا وەک ((توهمتەن)) زاڵ دا(١) (دیوان)

دیدع (درع)/ زرێپۆشی لیاباسی زرێی جەنگاوەرانی کۆن. هەوار. (توهەمتەن) هێما لە مەجی ڕۆستەمی زاڵە. زاڵ باوکی ڕۆستەمە و هێمایەکی ئەفسانەی بەکاردەهێنرێت. هەرکەسێکی ئازای سەردەمی خۆی، ناوبانگ. (محمد ٢٠٢١: ٥٤)

بەجاها خۆت مەنازە، ڕۆستەمی قابیز لە ڕێتایە

ئەگەر سەد شاهی چینیش بی، کشێکتهاتە بەر، مات. (٢) ( دێوان، ٢٠٢١: ١٢٧)

ڕۆستەم/ پاڵەوانێکی ئەفسانەییە.

بە ئازایەتی و چاونەترس و سەرکەوتوو ناسراوە لە کلتوری کوردیدا بە هەرکەسێک دەوترێت کە ئازاو چاونەترس و کەس ناتوانێت سەربکەوێت.

١_ له نیوەی بەیتی یەکەمدا: " بێخود" ناوی (ڕۆستەمی) بۆ ئەو فریشتەیە بەکارهێناوە، کە گیانی هەموو گیانلەبەرێک دەکێشێت. و دەمرن. واتە فریشتەی گیان کێشان. هێمای ئەو ڕۆستەمەیە کە هیچ کەس ناتوانێت پێی بوترێت، بەسەریدا زاڵ بێت.

٢_ له نیوەی بەیتی دووەمدا: چەمک " شاه، پادشا" "کشاومان"ی بەکارهێناوە، کە دوو چەمکی یاری شەترەجەن. کاتێک یاریزانی براوە، کۆتا جوڵەی باکاردێنێت پاشان یاریزانی بەرامبەرکەشمان دەکات و یاریەکە دەباتەوە.

لێرەدا بێخود ڕوودەکاتە ئەو کەسەی لە هەموو شتێکە دەزانێت، خاوەنی هەمووی، پێی دەڵێت: منێتی مرۆڤ وەک ئەو شایەنی شەترەنجەوایە، تا مابێ هەموو شتێکە  بە هی خۆی دەزانێت، بەڵام کاتێک ڕۆستەمی گیان کێشان هات و کشوماتی لێکردی، ئیدی یاری شەترنجی ژیانت کۆتایی پێ دێنی. بە دۆڕاویی دنیا بەجێ دێڵێت.

## ٣/ هێمای کۆمەڵایەتی:-

وەک باسکراوە و ئاشکرایە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دروستبوونی و ئەخلاقی ناو کۆمەڵگاکەیەتی گەشەی کردووەو، بیرکردنەوەی ڕەفتارەوە پەیوەست کراوە. بە کەسایەتیەکانەوە، واتە لە ژینگە و شوێنێک بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، بە گوێرەی جۆری پیشەو کەسایەتیەکان بەرهەمی ناو کۆمەڵگاکەیەتی. لە کلتور و بەهای کۆمەڵایەتی و ئاین و بەهای خێزانیەکانی خوڵقاندووە، هەروەها هەر لەم ژینگەیەی گەشەکردنەوە، مرۆڤ تێکەڵاویەتی ناو دەوروبەری ژینگەکەیەتی و بە جۆرێک هەر لە قۆناغ و سەردەمێکدا ژیابێت، پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست بووە، بەپێی ئاستی زانین و کەم و زۆری قۆناغ و سەردەمی دوای سەدە گەشەی کردووە و فراوان بووە، هەموو شاعیر و نوسەرەکان بەپێی ئاستی جیا مامەڵەی ڕاست و جیای کردووە، لەگەڵ هاوڕێکانی بێت و ڕێزی کەسانی خێزانیەکان و هتد....

بێخودیش یەکێکە لەو کەسایەتیە شاعیرە دیارانەی کە لەسەردەمی خۆیدا ژیاوە و پەیوەندی یەکی پتەوی باشی دروست کردووە لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا وەک پێشتر خراوەتە ڕوو لە دیوانەکەیدا باسیان لێوەکردووە، ئاشکرایە. ئەوەندەی کە لە تەمەنیدا ژیاوە زیاتر پەیوەندی و پەیوەست بوونی تەرخان کردووە، بۆ خۆشەویستانی شعریان بۆ وتون پیاهەڵدان و لاواندنەوە بە تایبەت بۆ پێغەمبەری خودا بە جۆرێکە عاشقی دەبێتە، وەسف دەکات.

پێاهەڵدان و ستایش مەدح" یۆنانییەکان وشەی enkomion" مەدح وستایشی بەکارهێناوە. ( pane:yrikos ١٠&٠٥ ) واتای پێاهەڵدان لە کۆبونەوەیەکی میلی ڕەسمیدا " دێت، لە کاتی بەرزترین فۆڕمی کلاسیکدا مەدح لە ڕۆژهەڵات گەشەی سەندووە، بە شێوەیەکی بەرچاو لە ئەدەبی فارسیدا خەملێنراوە، بە تایبەتی لە قەسیدەی سۆفیدا، هەر لەو بارەیەوە محمد حەسەن علی دەڵێ: (( پیاهەڵدان بریتیە لەسەرسامبوون بە کەسایەتیەکەی، لە هەڵوێشتەیەک یان چەند هەڵوێستەیەکدا ئەمەش شاعیر ئەو کەسە دەکاتە کەسێکی نموونەیی سیفات و باش و بەرزەکانی بخاتەڕوو بە درێژای ئەدەبی کوردی شاعیرە کلاسیکەکانمان بە گرنگیەوە

لەم بابەتەیان ڕوانیوە، (ئەم بابەتە وەک ناوەڕۆک لە زۆربەی شیعرەکلاسیەکاندا بەرچاو دەکەوێت و هەیە، پیاهەڵدراو وەک قارەمانی کردووە، دیارە ئەو کردەیەوە لەلایەن شەخسی بێت، یان مەیدانی بزوتنەوەی نتەوایەتی و نیشتمان و ئاین زانست ئەدەبدا هتد... بەشێوەیەکی گشتی بێخود پەیوەندیەکی بەرفراوانی پتەوی لەگەڵ زۆربەی زانا و مەلا و شێخانی تەریقەت هەروەها لەگەڵ خزم و کەسەکانی یدا و هاوڕێی سەردەم و شاعیر و کەسایەتیەکانی پێشوو دوای خۆی دۆشایەتی پەیداکردووە. (پەری: ٢٠١٦، ٢٠) لە بابەتەکانی یەکێک لە شعرەکانی بێخودا لاواندنەوەیە وشینە بۆ هاوڕێ و ناسراوەکانی سەردەمەکەیەتی کاتێک وەفاتی کردووە و لە غەزەلەکەیدا ئاماژە بەگی دەکات یەکێک لەوان لاواندنەوەی مستەفا مەزهەری بەڕێوەبەری مەعاریف سلێمانی نوسیوە ساڵی مردن و بە ئەبجەدی دیاری کردووە، هەر ئەوەیە لە دڵیدا بێتەوە، بەڵکو دەیانەوێت هەموو زۆوی قورپێوێت بە بچوک تا گەورە. ( محمد: ٢٠٢١، ١٢٦)

عومرێکە بۆکوشتنی دەججالی حەسوودان

هەرموتەزیری عیمەیی دەورانی کوەیتم (دیوان) (محمد: ٢٠٢١، ٤٥)

واتە: تەمەنێکە بۆکوشتنی دەججالی. ئەوکەسانەی لە ئێرەیە بردن و حەسودییاندا لە دەججال دەچن، هەر چاوەڕێم عیسای سەردەمی من بێتەوە و بیان کوژێت، هێندەی حەسوودی و بە پێگری ڕێزی تۆ دەبەن، مەبەست لێی شێخ مەحمود حەفید یەکەم پاشای کوردستانە لە سەردەی- بیستەمدا، لێرەدا هێمای (دەججال) بەکارهێناوە، بۆ دوژمنەکانی، وەها (عیسای) ڕەمزی بەکارهێناوە بۆ تۆڵەکردنەوە، ئاماژەی ئەوەی کە دەجال لە ناو بردوە لە چاوپێکەوتن.

حەسرەتا دیسان پەیدابوو پایزی شین و گرین

زوو بەسەرچوو نەو بەهاری عیش و نۆش و پێکەنین (١) (دیوان)( عەبدولکریم: ٢٠٢١، ٢٢١)

لەم بەیتەدا دونیا دەرچوون دەگێڕێت و خەم و خەفەت دەردەبڕێ و داوا لە خاڵ دەکات بیکاتە باوەش یەکێک لەوکەسەیە تیانە ( عەبدلرحمان شرف)ەکەمێژووی مردنەکەی دیاریکردووە، زۆر بەداخ و حەسرەت و دڵ پڕ لە ناسۆرەوە دەڵێ: پایزی شین و گریان پەیدابوو، بەهاری خۆشی و پێکەنین بەسەرچوو، بەهۆی ئەوەی خزمەتکاری شەرع و دین عەبدلرحمن شرف کۆچی دوایکرد و ڕۆیشت بۆ بەهەشت.

لێرەدا (پایزی) وەکو هێما بەکارهێناوە بۆ شین و خەم/ (بەهاری)یش بەکارهێناوە بۆ پێکەنین و دڵ خۆشی، لە کاتی ئەو مناسەبەیەی و قەدەرەی ڕوویداوە.

صوبحی فەروەردینە، ئەمرۆ، بولبولی دڵ بێ غەمە

گەر لە خۆشیا ڕۆحی دەرچێ باخەوان هێشتا کەمە (دیوان- ١٠٧)

لەم قەصیدەیا بۆ خوالێخۆشبوو شێخ ((نجم الدین))ی بیارەی ووتوە.

فەرەیدوین/ یەکەمین مانگی تازەی بەهار {هەتاوی} بەهار.

لێرەدا شاعیر دیمەنی بەرەبەیانی یەکەم مانگی بەهار بۆ دەگوێزرێتەوە(دڵی) وەک هێمایەک ناڕاستەوخۆ بەکارهێناوە، بە (بولبول) لەوەی کە خەمی نیە، چونکە بولبول لە بەهاردا بەهۆی گوڵەوە دڵخۆش و بێ غەمە. هەربۆیە باخەوان دڵی خۆشە. ( مەلا کەریم: ٢٠٢١، ١٠٧) دیوان.

شوکری خودا کە (قادر)ی موشکیل گوشایە غەوث

بۆ نموونە پەتی دڵی من و تۆ بای صەبایە غەوث(دیوان)

لەم بەیتەدا بۆ شینی عەبدولقادری گەیلانی (غەوث)ی دا هەڵداوە. (محمد: ٢٠٢١، ١٨)

## هێمای مێژوویی:-

سەرجەم ڕووداو کارەسات و کەسایەتیەکانی ناو سەردەم بوونیان دەخرێتە ناو باس و خواستی کارەکتەر و نوسەرانی ئەدیبانی شاعیرانەوە، کە هەریەکەیان بەجیا لە شتێک و بابەتێک دەکۆڵنەوە و، لەبەرهەمەکانیان باسیان لێوەدەکەن بە پێی کەسایەتی شاعیر و خوازیاری ناو ڕووداوەکان، وەردەگیرێت، تاکو بیگونجێ نێت، (سەردار: ٢٠٠٠، ١٠) لەگەڵ ئەو سەردەمەیەی کە تێدایە، خەڵکانیش لایان قبوڵ بێت، بەمەش پەیوەندیەکە وەردەگیرێت لەگەڵ کات و ساتی ڕابردوو و داهاتوو، دروست دەکات، بۆ ئەوەی بتوانن حەقیقەتی ڕووداوەکان وەربگرن، تەعبیری لێ بکەن، بە پێی بارودۆخەکان دەلالەتێک بکەن لە ناو دونیای ئەم واقع و جیهانەدا، کە پانتایەکی گەورەی هەیە، لە ڕووداوەکان و پاڵەوانی کەسەیاتیەکان و جەنگەکانی و تاڵان کاولکاربەکان، لەنێوان ئەم جۆرەی دونیا پانی، وەپاشان کاریگەری تەواوەتی بۆ دەقەکانی سەردەمی نوێ بەجێ دێنێت، بۆ شاعیرانی سەردەم، بە پشت بەستن بەکەرەستە مێژووی و ڕەمزییەکان وەردەگرێت. ناوی کەس یان شار و شەڕ و دێهات ڕووداوێکی دیاریکراوی، پاڵەوانی ناو باردۆخە مێژوویەکان.

شاعیران نوسەران لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەمزە مێژوویەکانەوە ئەزموونی خودی خۆیانەوە پێ دەوڵەمەند دەکەن. بیروڕای هەست و ئەو کەسانە ناوبانگە و میر و پاشا و سوار چاک، هەڵدەبژێرێت تا لە شعرەکانیان تەوزیف بکەن، (لەتیف هەڵمەت) لە هۆنراوەکەیدا ( ئەبو جەهلە) وەکو ڕەمزێکی مێژوویی وەردەگرن و بەکاری دەهێنن. شاعیران نوێ، بە شێوەیەکە جوان تەوزیف و هێمای دەکەن، لەگەڵ زۆربەی شاعیرانی

هەریەکە و سەردەمی خۆی تێدا ژیابێت، جۆرە کەسایەتیەکە ڕووداوێکیان وەرگرتووە، بۆ بابەتەکەی خۆیان، ( تەیب: ٢٠١٩، ٢٢٧)

بێخود یەکێکە لەو شاعیرانەی کە شعرەکانی و غەزەلیدا ئاماژە و ئیشارەتی کردووە بەم هێما مێژووویانە کە هەرچەندە ئەم شاعیرە ڕەنگە دیوانەکەی باس و خواستی ڕەهەندی مێژوویی دەقیقی باس نەکرا بێت بەڵام وەکو یەکێک شاعیرانەی نێو ئەدەبیاتی کوردی بەدەر نیە، لەم بابەتە زیاتر ڕەمزی بۆ ناوی ئەو کەسانەی بەکارهێناوە وەک دۆستایەتی و حەزو ئارەزووی ئاشنایەتی لێکردووە، یاخود یەکێک لەو ڕووداوانەش هەر ڕاستە.

((حەججاج))ی فەلەک هات و بە خوێنی غەم خەڵاتی کرد

بەسەر شێخ و مەلادا بەشی موچە و بەراتی کرد (محمد:٢٠٢١، ٤٣)

((حەججاج)) کوڕی یوسف سەقەفی، والی ئومەوییەکان بوو لە عێراق، ناسرابوو بە خوێنڕێژو ستەمکار. یەکەم کەس بوو خاڵ و سەرو ژێر و بۆروزەنەی بۆ قورئان دانا.

واتە: کەفەلەک و گۆڕانی زەمان، کە وەک حەججاج دڵ ڕەق و هیچ سۆز و هەستی دۆستان و خۆشەویستان نازانێت، جوێنی غەمی کردە خەڵات کەلە شێخ عەبدولکەریمی لێسەندین و وەفاتی کرد، ئەو غەمەی کە لە خوێن دروست کردبوو وەک موچە و خەڵات دابەش کرد.

مەجنونی گەردی ناقەیی لەیلایە، وەرنە بۆچ

وەک چاوی من هەمیشە لە شوێن کارەوانە دڵ (تیپی لام/ دیوان) (محمد: ٢٠٢١، ٥)

واتە/ وەک چۆن مەجنون شێت و عاشقی جوانی گەردنی لەیلابوو، چاوی منیش وەک مەجنون شێتی چاوی جوانی گەردوو تۆزی هەستاوی کاروانی لەیلایە، ئەو حوشترەی لەیلای هەڵگرتووە، ئەگەر وانیە، بۆ چی چاوی من هەمیشە وا لە شوێن چاوەڕوانی ئەوکاروانەی دڵەیە کە دەیانەوێت بگات بە لەیلا.

(مەجنون) قەیسی عامری و مەعشوقی لەیلا کە لێرەدا شاعیر هێمای تێدا کردووە، کە خۆشەویستەکەی خۆی بە مەجنونە.

لە هەفت خوانی سینەدا موژەی خەدەنگی ڕۆستەمە

لەفەتحی ((خەیبەر))ی دڵا برۆی ((زولفقار)) ئەکا. (دیوان) (مەلاکەریم: ٢٠٢١، ١٧).

١ _ هەفت خوان: (حەوت خوان): (حەوت ڕۆژەتر) کە لێرەدا بەکارهاتووە وەک هێمایەکی مێژوویە کۆن کە کاتێک باسی ئەو حەوت قۆناغە دەکرێت، ئەو حاڵەتەمان پیشان دەدات، کاتێک کە کیەکلوس کەتبووە ناو بەندی زندەوانەوە: ڕۆستەم دەبێت بۆ ڕزگارکردنی. لە ڕێگادا چەندین جادوو، کوشت وە بە حەوت ڕۆژ خۆی گەیاندە ، زیندەدان، مەبەست لە (هەفت خوان) ئەوەیە، هەر ڕۆژە و دێوکوشتێکی خوانێک بووە، ڕازاندویەتەوە، (ڕۆستەم) لێرەدا پاڵەوانێکە مێژوویە کەلە مێدانی شەڕدا کەس چاری نەکردووە، مەبەست هێمایەکی ڕۆستەمی زاڵە، لە شەڕدا، وەک مێژوویەکی کۆنی شاعیر بەکاری هێناوە، بۆ ڕزگار کردنەکەی کەی کاوس، کە چاو نەترس و ئازابووە.

٢_ (خەیبەر) لێرەدا خیبەر بە مانای قەڵای خەیبارا، جەنگە خەیبارا لە ڕزگارکردنی ئەو جەنگەی دا کە شاعیر وەکو هێمایەک بەکاریهێناوە، بۆ (دڵخۆش) کە ڕزگارکراوە و دەستی بەسەردا گیرا.

(زولفقار) لەم بەیتەی شعرە زولفقاری وەک هێمایەک بەکاری هێناوە، بۆ (برۆ)، چاو کە مانای شێر دەگات، چوپهانوویەتی بە برۆی چاوکە لەیەک هاوشێوەو ئەوی دەکا.

لە ڕزگارکردنی قەڵای خەیبەردا دڵا برۆی شمشێرەکەی عەلی دەکات. واتە کاتێک بە شمشێرەکەی ئیمامی عەلی قەڵای خەیبەر، ڕزگار دەکات، ئازاد کرد، هەرکەس بێتە لای پەیامبەر (برۆی) وەک شمشێرەکەی عەلیە، بەو شمشێرە برۆیەی دڵی داگیر دەکات. (سیوەیلی:٢٠٢٢)

## شعری عیرفانی لای شاعیرانی حافز و مەولانای ڕۆمی

## هێمای عرفانی لای حافزی شیرازی

حافزی شیرازی:

بەدیارترین و مەزنترین غەزەلی عیرفانی ئیرانە. یەکێکە لە هەڵکەوتە ناودارەکانی شعر و ئەدەبیاتی ئێرانی، لە تەمەنیدا قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە، بە هەموو شێوەکانی خێرا هەروەکو لە شعرەکانیدا ئاماژەی بەکارهێناوە بۆ خەریک بوون بەکەلامی خواوەند کردبوو، ئەوکاتەی لە شیراز دەژیا گەرچی وەزعەکەی لەبارنەبووە لە ڕووی سیاسی و ئابووری بۆ ئەو ناوەندێکی گەورەی لە ناوەندێکی عیلم و ئەدەبی و جیهانی ئیسلام بە ژمێردرا، حافز لەو شوێنەدا کە هێشتا ناوەندی کۆکەرەوەی عالم و ئەدیب و عاریف و لەلای زۆری شاعیرانی تر و پەروەردە بوو، کە لەو کاتەدا کە شۆڕشێکی نوێ ی سەرسوڕهێنەر هەبووە بووە بە میراتگری شۆڕشێکی عیلم و فکری تایبەت کە لەکاتەدا کەلە فارس دەست پێ کردبوو، لەدوای ئەمیش ئەو بەرەو کوژانەوەی ڕۆیشت (ئەمین: ٢٠١٠، ٨) وەک دیارە لەشعرەکانی حافزدا باس و خواسی بابەتی عرفانی تێدا باس کراوە، ئاماژەی پێداوە، بەڵام بوونی خۆی حافز عارف بێت و یان سۆفی لەلایەن باسی مەسەلەکە جێ گومانی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەت لای توێژەرو فارسەکان ئەم بابەتە ڕای جیاوازی لێکەوتووەتەوە، کە

هەریەکەیان بە جۆرێک باسیان لێوەکردووە، بۆیە دەڵێت عارف نیە و ڕەنگێکی عرفانی لە شعرەکانیدا بەخشیوە ماوەیەک حافز لە خانەقاشیدا بەسەر بردووە و دواتر، کە هەستی کردووە، حەقیقەت لای ئەوان دەستناکەوێت، خۆی بە دوای حەقیی و عیرفانیدا ڕۆیشتووە. (شکار: ٢٠١٤، ٣٦٥) سەبارەت بە غەزەلەکانی و ڕەنگدانەوەی هێمای عرفانیەکانی بەرفراوانی باسی لێوەکردووە، بەکاری هێناوە، کە پڕن لە شاکاری جوان و سەرسوڕهێنن، چونکە هەر غەزەلێکە بگری دوولایەنی گرینگە باس دەکات لەلایەک باسی بێ نرخی دونیاو، لەلایەکی تر کەین و هۆش دنیای و شەراب نۆشکردن چێژوەرگرتن دەکات، هەرچەندە لە شعرەکانیدا مەبەستی ئاشکرای لە شەرابی حەقیقەتی خواییە هەروەک لەم بەیتەدا دەڵێت ئەو شەرابەی کە لە بەهەشتدا دەیدەن:

مستی به آب یک دو غب وضع بنده نیست

که من سالغورده پیر خرابات پرورم (دیوان: عمر: ١٣٩١، ٧٤)

واتە: مەست بە ئاوی یەک دوو دەنگ تریّ کاری من نیە، من پەروەردەی شوێخێکی پیرم لە ئەهلی تەریقەت.

خارابات: مەیخانە هێمایەکی عرفانیە ئەو شوێنەی کە عەشقی خودا داوا دەکەن کۆدەبنەوە.

توخانفاه و خرابات در میانه مین

خدا گواه که هر خا که هست با اویم (دیوان) (عمر: ١٣٩١، ٥٣)

تۆ خانەقا و مەیخانە لەم نێوانە مە بینە

خودا شاهیدە کە هەر شوێنێ کە هەیە و لەگەڵ ئەوم

وا ئەگەر لە مەیخانە نەبم یا (خانەقا) من هەر لەگەڵ خودام کە خۆی شاهیدە لە ماڵم مەبەستی دڵە کە پەیوەست بووە، بە عەشقی خودایی، بێ هەر ئەملاولایەک بە دەربڕین باس لێدەکات، دیارە زۆربەی زۆری شعرەکانی حافز عرفانین و بە ئاشکرا دیارە کە لە دیوانەکەیدا بەرچاو دەکەوێت.

صبح است ساعیا قدصی پرِ شراب کن

دەور فلک درنگ ندارد شتاب کن (شکار: ٢٠١٤، ٩٤)

بەیانیە ساقی جامێکمان بۆ پڕ لە شەراب بکە تادەوری فلک درەنگ نەبووە، خێراکە لای حافز بەیانیان و نیوە شەوان لای زۆر تایبەت بووە، کە لەگەڵیدا لەو حاڵەتەی کە حاڵی دەیگرێت واتای ناو دونیای عەشقی مەعشوقەکەی و بانگی عەشقی خۆی دەکات لەوکاتەی کە حاڵی خۆشەویست و ئەوپەڕی جنێو جیهانی خودا تالە خۆشەویستی و لەو حاڵەی کە دەیگرێت سەردنەبووەتەوە خێرا ساقی مورشیدەکەی یاخود داوادەکات

عەشقەکەی بۆ بینێت بۆ دڵەکەی بە بهێما ئاماژەی پێکردووە:- (ساقی) مورشید- یانیش خودا. (قەدح) یان (جام) مەبەستی دڵە-(شەراب) عیشقەکە. بەمانای عیرفانەکەی/ خودایە بەم بەیانیە دڵمان پڕبکە لە عەشقی خۆت تا دوای فەلەک درەنگە نەبووە پەلە بکە.

ساقی کە جامت ازمی صافی تهی مباد

چشم عنایتی به من دردنوش کن (دیوان: خواجه، ١٣٩١)

ساقی جامت لەمەی ساف خاڵت مەکە، بە چاوی لوتفەوە لە منی دەردنۆش بنوارە.

واتە/ خودایە، عیشقی ساف لێ خاڵی مەکە لە دڵی مندا. بە چاوێکی پاک و ڕێز لە من بنوارە. (ساقی) خودا، مورشیدە. جامی مەی) عەشق. دەردنوش/ پاکە و عیشقەوە ساف.

## هێمای شیعری عیرفانی لای مەولانای ڕۆمی:

مەولانای ڕۆمی یەکێکە لە ناودارترین عارفەکانی جیهان ، یەکێکە لەو مرۆڤانەی کە چەندی نوسیوە، ئەوەنەی لەسەر وتراوە، زۆر زیاتری لەسەر نوسراوە، چونکە ئەم زاتە گەورەیە تا چەند لێوەی نزیک بیتەوە زیاتر هەست بە قوڵایی پەنهانیەکانی دەکەین و بەردەوام شتی نوێ لە نێو دەق و و وتە و گوتارەکانیان دەدۆزیتەوە، سەبارەت بە دونیای ناسینی مەولانا زۆر بۆچوونی جۆراو جۆردەبینرێت و لەبەر گەورەیی و کاریگەری هەمووان بە موڵکی خۆیانی دەزانن، چونکە مرۆڤ لە هەر کوێ بێت دەشی بەرهەم و تێکستەکانی لێوەبن. هەروەکو ئەوەی باس لێوەدەکرێن بە ڕاستی ڕۆمی سەرچاوەی سەرەکیە، بۆ هەموو خاوەنانی سۆفیگەرایەتی و (تصوف).

لێرەدا ئەگەر بمانەوێت باسی شعری عیرفانی بکەین لای مەولانا رەنگە پێویستی بە چەند پەرە و بابەت و لێدوانی زیاتری بێت هەروەها بۆ باسکردنەکەشی هەر راستە بە شێوەیەکی گشتی دینداری و ئاین ناسی سەرەکی مەولانا وەک و عاریفەکانیتر لە سێگۆشەی شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەتدایە کە ئەم جۆرەی دینداریە عاریفانەیە، بۆیە ئەم سیانەی باس کردووە چونکە لە بیرکردنەووەی عیرفانیدا ئەم سیانە لە یەکتر جیا ناکرێتەوە مەولانا یەک شێواز و رێچکەی خۆراسانی چەقی سەرەکی سەرجەم بەیت و چیرۆکە پەند ئامێزەکانیدا داگیرکردووە (نادر : ٢٠١٩، ٧٠).

ڕۆمی سەرچاوەی سەرەکییە بۆ هەموو خاوەنەکانی سۆفیگەرایەتی تصوف لەلایەن مێژوو نوسی بەناوبانگ (هەممەر، همر) لە فێربوونی باوکیدا زانیاری عیرفانی وەرگرتووە و گەشەیکردووە پاشان لەلایەن دوو زاناوە فێی کردەووەکان دەکرێت لەڕوی ڕۆحییەوە( حسێن: ٢٠١٦، ١٣).

ئەم نان و ئاوی چەرخە، بێوەفایە وەک سیلە

من ماسیم نەهەنگم، عومانم دەوێ (حەبیبە: ٢٠١٨، ١٤١)

مەیلی بێوەفا لافاوی بێوەفا: بەوهۆیەوە بێوەفایە هەمیشەیی نییە، ڕەوتەکەی دەوەستێنێت نان و ئاویش وەک سەیل ڕۆژێک دەبڕێن (ماسی) لە سیمبۆلیزمی عیرفانیدا ئاماژەیە بۆ سۆفی. دەریای عومان ئاماژەیە بۆ دەریای مەزن، (دەریا) لە سیمبۆلیزمی عیرفانیدا ئاماژەیە بۆ بونی هەوڵ و کۆششی ئیلاهی.

لە ئەم بازارەی عەتاران، مەچۆهەرچون بێکاران

لەدوکانی کەسێک ڕۆنیش، کە لە دوکان شەکرەی هەس

بازاری عەتاران: بە مەعنای عەتر فرۆش و دەرمان فرۆش هەروەها عەتاران قەدیم قەبابەتیشیان دەکرد لێرەدا سیمبولی مەشایخ و سۆفییە، (شەکر) لە زوودا زۆر بە نرخ بووە لێرەدا سیمبولی حەقاعیق و مەعنەویاتە.

لێرەدا لە تەسەوفی ئیسلامی عەتار لە حەدیسی پێغەمبەر وەرگیراوە کە ئاماژە دەکات بۆ (عەتار) هێمایە بۆ شێخ و هاوڕێیەتی چاک کە ڕێنماییان دەکات، بۆ ڕێگەی چاک بەڵام لە بازاڕی عەتاران واتە ئەو کەسەی کە عەتر دەفرۆشێ وەکو هاوڕێی چاک وایە بەڵام لە دوکانی ئاسنگەر ئەگر بچیت تۆز و خۆڵ دەبێت بۆت. ( حەبیبە: ٢٠١٨، ١٥٠)

ئەی نوری مە، ئەی سوری مە ئەی دەوڵەتی مەنصوری مە

جۆرێک خەرە نێو شوری مە، تابێ بە مەی ئەنگوری مە (نادر: ٢٠١٩)

(نور) ئاماژەیە بۆ جوانیە لە حەد بەدەرەکەی یوسف کە پێی ناسرابوو.

دەوڵەتی مەنصور: لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا بەدەر لە واتا زمانیەکەشی ئاماژەیە بۆ مەنصوری حەللاج و چارەنوس و پایە و بایەخ کردن کە لە ئەندێشەی عیرفانیدا هەیە.

(سورتی مە) ئەو کەسەی کە ئێمە دەپارێزێت پەرژین دەکەن بۆپاراستنی ئێمە، واتە شودا. (دەوڵەتی مەنصور) ئەو دەوڵەتەی کە پشتیوانی ئێمە بکەیت: مەبەستی بوونی دەسەڵاتی خودایە کە بەرگری و پشتیوانیان بێت کە هێمایە بۆ خودا.

٢- واتە جۆرێک خرۆشی و خۆشی بخەرە ناو حاڵی ئێمەوە کە حاڵیان باش نییە، تا ئەوەی تێکەڵی ئێمە بکەیت، بەمەی (واتە لێرەدا مەولانا (مەی) و (ترێ) کە ڕەمزی عیرفانی بەکارهێناوە، تاوەکو خرۆشێک بێتە ناو دڵمانەوە بە ترێ و مەیەکە بەبێ دەستکاری کە لێی دەخۆین مەست بین).

## هێما لای شاعیرانی کورد (پێش بێخود)

### - مەحوی

لە شاعیرێکی وەک مەحوی بە زیادەڕۆی نازانین ئەگەر بگوترێ مەحوی تاقە سواری مەیدانی شیعری سۆفیگەری کوردستانی خواروەوە و هیچ شاعیرێ تۆزی بەرپێی نەشکاندووە و بۆتە پێشڕەوی ئەولایەنە و شاعیران لە دوای خۆیان چاویان لێی کردووە و بووەتە ڕێنیشاندەرییان، کاکەی فەلاح لە بارەی سۆفیگەری مەحوی یەوە دەڵێت، شاعیر زانایەکی موتەصەویف بووە، لێرەدا ئەم وشەی فەلاح بەکاریهێناوە بۆ مەحوی بیگوتایە صۆفی چونکە موتەصەویف ئەوە دەگەیەنێت کە مەحوی سۆفی نەبووە خۆی هێناوەتە سەر شێوەی صۆفیەکان پێش ئەوەی مەحوی سۆفیگەری بێت مەلایەکی چالاک و لێهاتووی سەردەمی خۆی بووە. یەکێک بووە لە خەلیفەکانی شێخ بەهادین نەقشبەندی و دوای مردنی ڕابەری تا کۆتای ژیانی.

ژیانی وەک دەردەکەوێت ئەو لە ژینگەیەکە یەکە لەبار بۆ چوون بەرەو سۆفیگەری پەیدا بووە. ئەمەش لەو ڕووە نەوەی پیرێکی ناسراوبووە، (پیر ڕەش) هاوکات باوکی (مەلا عوسمان) مورید بووە. هەروەها ژیانی لە دوای بڵاوبوونەوەی هەردوو تەریقەتی نەقشبەندی و قادری بووە لە کوردستان لێرەوە مەحوی پاش گەیشتنی بەم پلە بەرزەی عرفان و ناسینی یەکتا پەرستی ڕاستەقینەی خوا.

### ١ _ مەحوی لەبارەی بوون (وجودەوە) دەڵێت:

تۆ دەرکەوتی، مەپرسە چی بەسەر جان و دڵ

حاڵەتی شەونم تەماشاکە بە وەختی ڕۆژهەڵات. (٤)

شاعیر لەم بەیتەدا (شەونمی) وەک هێمایەک بەکارهێناوە، بۆ گیان و دڵ هەروەها (ڕۆژهەڵات) بەکارهێناوە بۆ (تۆ) لێرەدا مەبەستی خودایە تۆ کە دەرکەوتی ئەی یار مەپرسە گیانی من چی بەسەردێت: کاتێک کە بەیانیان زوو خۆرهەڵدێت و لەسەر پەڕەی و گوڵەکان شەونم باریوە لە شەودا کاتێک کە بەیانیان زوو خۆرهەڵدێت و

لەسەر پەڕەی گەڵاکان شەونم باریوە لە شەودا کاتێک کە خۆر دەردەکەوێت حەتمەن شەونمەکە دەتوێتەوە دەبێتە هەڵم واتە: کاتێک دەرکەوت من دەتوێتەوە کە تۆ هەیت و من نیم بوونێکە دووانەیی.

٢_ هەروەها لە بەیتێکی تری ئەو شاعیرەی لە بارەی دەرکەوتنم دەڵێت:-

خورشید و سایە پێکەوە نابن، حەقیقەتی

ئەو جیلوە وەحشیە کە نەبیٚ ئاشنا بە کەس (ە) تیپە(سین)

لێرەدا ئاماژەی بەدوو دەستەواژەی وەکو (خورشید) و (سایە) کردووە: کە وەکو هێمایەکی قوڵی یۆنانی بەکارهێناوە، بۆ خودا و من مەحوی دەڵێت خودایە تۆ وەکو خۆر وایت و منیش سێبەرم. واتە ئەوە تۆیت سێبەری شتەکانت دروست کردووە و ئەگەر تۆ نەبیت منیش نابم، دووبارە ئاماژە بە چەمکی بوون کردووە، کە خۆر و سێبەر لەگەڵ یەکدا هەڵنابن پێکەوە، ئەوە منم بە تەنها هەم و بوونم هەیە کە تۆ دەرکەویت منیش بوونم نامێنێت پێکەوە.

دیوان:

محمد:١٩٦٨، ٩١

محمد: ١٩٦٨، ١٨٨

لەبەحری فیتنە بەلکی نەجاتت بدا خودا

داوێنی باخودا بگرە، بەردە نا خودا. (ب١، پیتی ئەلف) (عەبدولکەریم: ١٩٦٨، ٣٦)

(باخوی) ئەوەی لەگەڵ خودا بیٚ، ناخودا: کەشتیوان

واتە: دونیا شوێنێک نیە بتەوێت تێیدا ئارام ببێت، چونکە بەحری فیتنەیە.

(بەحری فیتنە) ئەو دونیایە بە تەووانەمەست کردووە، ناتوانین لە حەقیقەتی دونیا تێبگەین، بۆیە لێرەدا لێیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی پێیان بڵێت ئەم دیوە حەقیقەتەکەی نیە کەوا تێگەیشتوون. ئیشارەتی بە کەشتیوان کردوو ناخودا: لە بەحری فیتنەدا بەکاری هێناوە.

پێدەچێت مەحوی ئەو چەمکەی بەحری نییەتی لە قورئانەوە وەرگرتبێت، لە قورئانیش چەندین واتای بۆ کراوە، دیارترینیان (تای کردنەوە و ئاماژە گێڕیی) کە دووەمیانی بەکارهێناوە، کە مەحوی خۆی سۆفیەکی موسڵمان بووە، کە دوانیان باس کردووە وەک ئاژەوەگێڕی و فیتنەی باس کردووە، کە شارەزا نەتیجە لەم

گێژاوی فیتنەی سەر ئەوا تیا دەچێت و پێویستمان بە شێوانێکی باش دەبێت بۆ دەربازبوون، لە چەمکی زمانەوانی ئەم دەستەواژەی بەحری فیتنەکان لە سیاقێکی عرفانیدا بەکارهێناوە، کە (دوونیا) لە لێکدانەوەی عاریفانیدا هێمایە بۆ نەهامەتی بۆ ئەوەی نەگەیت بەخواو ڕێگری بۆ ئەوەی بگەیت بەخوا، کەواتە بۆچی لە ڕێگەی دونیاوە ناگەین بەخودا، چونکە لەم دەریایەدا پڕە لە شەپۆلی فیتنە هەردوو چەمکی ( باخودا) هێمایە بۆ ئەولیا مورشیدەکان، (ناخودا) دیسەن هێمایەکە بۆ ئەوان کەلەسەر ڕێگای دەنیا وەستاون خەڵک دەبەن بۆ بەحری فیتنە پەلکێش دەکەن.

واتە ئەگەر ئێمە دەست بگرین ئەوکەسانەی کە لەگەڵ خوداداین پێویستمان بە کەشتیوانە نابێت کە بمانگرێت لە کەناری دەریایی ئارامی.

## وەفای :

یەکێکە لەو شاعیر و عاریفانەی . کە کۆمەڵێک چەمک بوونی هەیە لە ئەدەبەکەیدا ڕزگارکەری مرۆڤە.یەکێکە لەو دوو چەمکەی کە بەشێوەیەکی دیار ئاماژەی پێکردووە ، ( وەهم و فەزیلەت ) دوو چەمکی سەرەکین لای وەفایی خەڵکانێکی تریش ، کە لە سەردەمی کۆن و نوێدا گرنگی خۆیان هەیە ، کە هەرسێ کایەیی ( عیرفانناسی ، دینناسی ، فەلسەفە ، ئەخلاق ) بابەتێکی سەنتەرین لە دیوانەکەیدا هاتووە ، ئاینی عیرفانەکان گرنگن و بەگشتی ئاوڕدانەوە لەم دوو چەمکە بەپێویستی دەزانن بەتایبەت عیرفانی ئیسلامی . هەروەها پەیوەندیەکی پتەو بەهێزیان لەگەڵدا هەیە ، کە پارە ڕزگارکەری بووە.(تەحسین:٢٠١٩، ٥)
وەفایی لەماوەی ژیانیدا لەگەڵ شێخانی تەریقەت بووەو لەخانەی ئەواندا گەورە بووە و بۆتە مورید کاتێک سەرەتا لای شێخ عوبەیدوڵا ١٨٦٥ز - بۆتە موریدی تەریقەت ، وەفایی چۆتە خزمەت شێخ بۆتە موریدێکی دڵپاک بنەماڵەی نەهری بووە ، دواتر لەڕێگەر خانەقاو شێخانی تەریقەتەوە بەردەوام دەبێت لە ژیانیدا لەگەڵ سونەتەکاندا کەشەکار و چلەی کەماڵ دەگات لەزۆربەی شیعرەکانیدا باس و ستایشی خودا و پێغەمبەر تێیدا دەبینرێ بەشێوەیەکی بەرچاو ، ئەم شاعیر هاوکات وەکو زۆربەی شاعیرانی تر خاوەنی دەقی شیعری عیرفانی هەیە ، کە لەبەشێکی زۆریان هێما و کۆدیان لەخۆ گرتووە بۆ دەلالەت لەسەر ڕووداو باش و گرنگ و سەرچاوەکەشی بۆ عەشقی خودا دەگەڕێنێتەوە .

دیسان لەسەر عەهدی ئەلەست
جامێ لە جانان بگرە دەست
هەر تا ئەبەد مەخموور و مەست،
هذا طریق العاشقین ئەلەست

-ئەو ڕۆژەی کە خودا لەجیهانی ڕۆحدا بە بەندەکانی وت فەرموو ( أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ) من خودای ئێوە دەبم بەندەش وتویەتی ( قال بلا ) بەڵێ خودا تۆ خودای ئێمەی وەفایی دەدوێت من لەو ڕۆژەوە من مەست بووم

بەعیشقی خودای گەورە جانان : خودا - ( جامیٚ ) هێما و ئیشارەتە بە دڵ لەعیشق خودایە و زاراوەی عیرفانیەوە .

عاشق دەبیٚ مەستانە بیٚ
خاکی دەری مەیخانە بیٚ
ساقی لە کن پەیمانە بیٚ
هاذا طریق العاشقین
(دیوان)١٠٠
عاشق دەبیٚ گیرۆدەو ڕوو لە خودا و پاک و خاوێن بێت لە دەورو ماڵی خانەقا بێت ، خودا لەمن بکەی بەئاشقی هاوبەش .
خودا لەگەڵ بەندەکانی خاوەنی پەیمانی ڕاستی و حەقیقەتە، ئەگەر عاشق مەست بێت و لە خانەقادا لە فکری و بیری خودا بێت.
(ساقی) لێرەدا وەفایی دیسان هەروەکو هێما عیرفانەکانی تر لە جێگەی خودا بە کاری هێناوە، وەک هێمای عیرفانی. (مەیخانە) واتە ئەو شوێنەی کە عەشق دەبەخشی بە دڵ.

لەشیعرێکی تری وەفایی باسی ( شهور ) دەکات کە بابەتێکی عیرفانی قوڵە کە دەڵێت.

بەخۆڕای نییە کە سووتاوی ڕووتە عاشقی شەیدا
لە ڕووتی دیوە جیلوەی ئاتەشی ( سینا ) لە سینەیدا (٣)
لەم بەیتەدا باسی نووری خودامان بۆ باس دەکات کاتێک خودا لە قورئانیشدا ئاماژەی بۆ کردووە لە سورەتی ( الرحمان ) دا ، بەمەبەستی ئەوەی کە خودا ڕووی خۆی دەمێنێتەوە لە چەمکی عیرفاندا وشەی ( ڕووتە ) بەکارهاتووە بۆ هێمای ئیشارەتی خودای گەورە ، لە ڕووی خودا خۆی واتا : کاتێک مرۆڤ ئاشق دەبێت ڕوخساری دەبینێت و دواتر ئاشق دەبێت ، لەگەڵ برۆی لەبەر ئەوەی کۆکرایەوە هەموو جوانیەکانیشی وەفایش لێرەدا مەبەستی ئەو ڕووەی خودایە کە کاریگەرە بەوەی کە خودا ئەبینین بەو هەموو جوانیەوە عاشق دەبینێت لە نیوە دێڕی دووەمیشدا مەبەستی دەرکەوتنی نووری خودا بووە کە کێوی طوری پیٚ سوتان لە دەشتی سینا هەر وەها لە سینەدا هێمایە بۆ ئەو ڕوداوە.وە ئەو نووری لە سینەی یاردا دەردەکەوێت دەبێتە ئاگر و کێوی دڵی من ئەسوتێنێت.

تا دڵ نەسووتیٚ دەم بەدەم ، فانی نەبیٚ سەر تا
قەدەم پەروانە قەت ناگاتە شەم ، هذا طریق العاشقین (٢)
لەم شیعرەدا وەفایی باسی فەنا دەکات کە یەکێکە لە مقامەکانی تەصەوف کە کۆتا مقامیەتی باس دەکات ، تا دڵ هێندە بسوتێت کە خاڵی بێتەوە لە هەموو هەبووەکان لەسەرەوە تا خوارەوە ئەگەر بەم جۆرە نەبێت

عاشق ناگاتە مەعشوقی . ( پەروانە ) و ( شەم ) دەلالەت لە پەپولە و مۆم دەکات کە عاشق مەعشوق باس دەکات ، مەبەستی خۆشەویستی عیرفانی بۆ ڕێگای حەقیقەت .

٢-دیوان نەجاری:١٣٩٥:١٧٥

مەیخانە - لێکدانەوەی وەفایی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی ئەو خانەقایە دەکات کە تێیدا نزا دەکەن . ساقی – خودا . زاراوەی سۆفی گەرین.

## ((نالی))/ هێما لە شعرەکانی نالی دا

وەکو پیاوێکی ئاینی. موسوڵمانێکی ئاسایی بووە و ئاگادار و هۆشیاربووە بەناوبانگ و زیرەک و لێهاتووی. شیعری وتووە، لە ژیانی فەقێتی خۆیی و هەوڵدانەکانی لە حوجرەکاندا لە پێناو زانستدا لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. هاوشێوەی پیاوە ئاینیەکانی تر ئەم قۆناغە بە تەواوی پابەندی ئەخلاقیاتی قوڵ بووە هیچ کات سنورەکانی ئەخلاقیی نەبەزاندووە، دینداڕێکە مەعیشەتی بووە، ئەو ساتەی کە نالی تێیدا دەچێتە چوار چێوەی ڕێبازە سۆفیگەریەکانی کوردستانەوە( قادری نەقشبەندی) کەڵەکەڵەی مەعنەویەتی بۆ دروست بووە. سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی بوو، نێوانی لەگەڵ قادریەکانیشدا خۆشبووە. هەروەها چەندین شعرهەیە کە تێیدا چووەتە خزمەتی پێغەمبەری خودا. بە باڵای ڕێبازە سۆفیەگەریەکاندا هەڵیداوە، نالی ڕێگەی عەقڵی خۆیشی گرتۆتە بەر، ( تەحسین: ٢٠١٩، ٧٤)

نالی هەرچەندە شاعرێکە سۆفی نیە ئەهلی تەریقەت نەبووە، بەڵکو مەلا بووە و شیعرە سۆفیگەری و ئاینەکانی زیاتر شەریعەت زاڵترە تێیاندا، بەڵام هاوکات جگە لە شێعری سۆفیگەریسنە، حاڵەتی عرفانی لە هەندێ بەیتە شیعردا بە تایبەتی لە شیعرە سۆفیگەریەکاندا دەبینرێت.

خاڵی نییە "نالی" دڵەکەت ساتێ لە هیجران

تا تاری و وجوددت نەپسێت مەلەکول موت (تێپە/ تێ(عەبدولکەریم:٢٠٢١ : ١٠٤)

تار/ تاڵ

(وجود/ بوون، ژیان، زیندویەتی نالی لێرەدا چەمکی "(تاری) وجود"ی وەکو هێمایەک بۆ ژیانی خۆی بەکارهێناوە. هەرکاتێک فریشتەی گیان کێشان گیانی نالی کێشا، ئیدی ئەو تار و تاڵەی بۆ وجود و بوون و ژیان ئەوە گرنگە و بوون بەوەوە بەندە دەپسێت و ژیان کۆتایی دێت.

کەعبە ئیشراقی وەکو خورشیدە، من چاوم ضەعیف

لێم بووە ڕۆشن کە بوعدی قوربە، قوربان بوعدە بۆم ( دیوان)

(خۆر) هێمای بەکارهێناوە بۆ کەعبە کە بەرچاوی دەکەوێت ئەو تیشکەی بەردەکەوێت.

ئەستێر هەمووەحوە لەنێو نوری قەمەردا
یاشەمسی جەمالت شەوی گێڕاوە، بەفەردا(1)

لێرەدا شاعیرباسی یارەکەی خۆی دەکات و(ئەستێر)دەکاتە، هێمایەک بۆروخسارە گ،جوانەکان و(نوری هەیفییش)دەکاتە هێمایەک بۆکاتێک کەلەوشەودا دەردەکەوێت وئەستێرەکان دەگەشێننەوە،بەڵام کاتێک خۆری جوانی یاری من هەڵدێت وکۆتای بەهەمووشتەکان، دێنێت، بەرەبەیانی من هەڵدێت،

## بێخودی شاعیر

## - ژياننامه (بایۆگرافی)

ناوی مەلا محمودە و کوری مەلا ئەمینی موفتی ە نەوەی مەلای (چاومارە) لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە عمری ڕەنگە لە پەنجا ساڵ زیاتر بێت بێخود لە مجتمع ی سلێمانیدا شاعیرێکە بەناوبانگە زۆر شارەزای فارسیە و بە زەوقێکی زۆر گەورە(بیدل)و (مثنوی)ئەخوێنێتەوە ئەم شاعیرە لە دو جوزئی زۆر بنەرەتیدا بەخت یاوەری بووە یەکەمیان لەو بنەماڵەیەی موفتی چاومار بەناوبانگن و پێش سلێمانیش لە دێلێژە مدرەسەیان هەبووە و زانا بوون خزمەتی ئاین و زانست و ئەدەبیان کردووە دوەمیش کە کاتێک لە سلێمانی جێگیربوون بە هۆی پایەی کۆمەلایەتی و زانایەتییەوە بونەتە جەمسەرێکی کولتوری ئەو شار و دەڤەرە، بێخود بەوهەموو زروفە فەراهەم کراوەی بەو پەری توانا و دانای بەگەرخستووە و توانیویەتی پەرەپێدانی نەریتی باو و باپیرانی بێت و مایەی شانازی بنەماڵە و گەلەکەی بێت هەر لەگەڵ تەمەنی ژیانیدا بابڵێین بێخود سەنتەرێکی زانیاری ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی بووە وەک چوار چرای دەوری گرێک زانا و شاعیر و شێخ ی تەریقەتی راستەقینە دۆست و ئاشنای نزیکی بوون (عمر، ٢٠١٦: ١٧)

## ئەنجام:

### ئەنجامەکان:

١_ هێما (ڕەمز) وەک ڕەوتێکی دێرینی زمانەوانی و ئەدەب لەسەرەتای شارستانی لە نێوان ئەدەبیات دەرکەوتووە، دواتر وەک ڕێبازی هێما گەری بەرەوپێشەوە چووە، درەنگتر سەری هەڵداوە کە جیاکراونەبوو لە نێوان شێوەکانی درکە و میتافۆر و خوازەدا، زیاتر لە شعری کلاسیکدا بەرچاو دەکەون.

٢_بەکارهێنانی هێماگەری خۆی زمانێکی لێڵ و ئاڵۆز و نامۆیە، هەموو کەس لێی تێ ناگات، هەروەها بۆ هەڵسەنگاندێکی دەق ئەدەبی بە ئاساتی بەرز و نزم ئەم هێمایە لە بەکارهێنانیدا جیادەکرێتەوە، لە شاعیراندا ئەدەبیاتدا پێیان وابوو، ئەو دەقە ئەبێتە دەقێکی سەرکەوتوو کە هێمایەکی بەرزی تیابەکارهێنابێ و خوێنەر بەباشی لێی تێنەگات، بەڵکو بە پێی ئاستی تێگەیشتن خوێنەرە بۆ دەقەکان.

٣_ گەشەکردنی و دەرکەوتنی هێما گەری تایبەت وەک ڕێباز بۆ سەردەمی شاعیرانی کلاسیک دەگەڕێتەوە و پێش ڕاپەڕین دوای ڕاپەڕین پەرەی زیاتری سەند بەسەر جیهانی ئەدەبیاتدا بڵاوبۆتەوە کە وەک ڕێبازی سەربەخۆ لە ئەدەبی کوردیدا.

٤_ بوونی هۆکاری تایبەت لەلایەن شاعیران و ئەدیبانەوە، کە هێما گەری هێنایە کایەوە لە نێو شعرەکاندا کە هەر ناوچە و شوێن و وڵاتێک بە جۆرێکە کە جیاوازی هۆکاری هەبووە، لە نێو ئەدەبیاتی کوردی بەهۆی بارودۆخی سەردەم و باری ئابوری و سیاسی کۆمەڵایەتی زیاتر کاریگەری هەبووە بۆ ئەوکاتەی حوکومڕانی دەوڵەت بژێوی شەڕو داغرکاری ئەمەش ژیانی زەحمەت کردبوو شاعیران ناچار کردبوو هێما بەکاربهێنن.

٥_ سەرهەڵدانی هێما و گەشەکردنی وەک ڕێباز لە نێوان ئەدەبدا ڕەنگدانەوەی زیاتر بەخش کە قۆناغی ئەدەبی هەنگاوی ناوقۆناغێکە نوێوە، کە ئەمەش بووە هۆی لایەنێکە دەوڵەمەندی گروتینێکەی زیاتر یان دا بە زمانی کوردی بەمەش واتای فەرهەنگی زمانیان بە رەو پێشەوە برد.

٦_ شاعیرانی سەربەو ڕێبازی هێماگەریانەی کە بەردەوام بوونی هێمای دروستکردنی وێنا و واتایەکی نهێنی بۆ دەستەواژە و ووشەکان، لە ڕووی تیۆریەوە، لە پاڵیشیاندا لەوکاتەدا کۆمەڵێک بابەتی گرنگە ئەو ڕووداوانە، باس دەکران زیندووکردنەوەی هەندێ بابەتی نەتەوەیی و فۆلکلۆری و کەسایەتیە پاڵەوانەکانی ناو ئەفسانەکان دەگرێنەوە، کە ئەگەر ئەم جۆرانەی هێما لەلایەن شاعیرانەوە باس نەکردایە، بەرەو کاڵ بوونەوە دەڕۆشتن.

٧_ بێخودی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بە شێوەیەکی بەرچاو بابەتی هێما لە شعرەکانیدا ڕەنگ داوەتەوە، بەتایبەت لایەنی ئاینی و کۆمەڵایەتی و بوژاندۆتەوە، زیاتر سۆفیەکی موسڵمان بووە، بابەتەکان ئاینی و هێمای تێدا بەکار هێناوە.

٨_ هەروەها بێخود هاوشێوەی کەسەکانی پێش خۆی ئەوەی کە زیاتر لە خانەقا و تەکێیدا بەسەر بردووە کاریگەری شاعیرانی بەسەرەوە هەبووە، بۆیە زۆرترین لایەنی ئاینی بەکارهێناوە، کە عیرفانی ئیسلامی پێ دەوترێت.

٩_ لێکدانەوەی ئەو ماوەیەی کە لە دیوانەکەیدا خراوەتە ڕوو، بەرچاو دەکەوێت کۆمەڵێک ئاماژە و هێمای بەکارهێناوە، ئەگەرچی دووانیان زیاتر لەبەر چاوترن کە وەک و شەرح باس لێوە نە کردووە، بەڵام شعرەکان بەرچاو دەکەون: (هێمای مێژوویی- ئەفسانەیی) باس دەکات، بەیەکێک لە شاعیرەکانی کلاسیکی سەدەی بیستەم دادەنرێت، لایەنێکەی تر شعرەکانی بە فارسی باس لێدەکردووە.

## لیستی سەرچاوەکان :


١ – عەبدوڵا، نەریمان خۆشناو ، ڕەمز و مەنزا لەچیرۆکەکانی فەرهاد پیرباڵ ، چاپی یەکەم .
٢ – مەحمود، ئەحمەد ئازاد ، ٢٠٠٩ ، بونیادی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ، چاپی یەکەم چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
٣ – ئەحمەد، سافیە محمد ، ٢٠١٤ ، شێوازی شێعریە کوردیەکانی پیرباڵ مەیود ، چاپی یەکەم ، چایخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.
٤ – ئەحمەد، سافیە محمد ، ٢٠١٤ ، لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ، چاپی یەکەم چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
٥ – بایز، ئیسماعیل ئەرسەلان ، ٢٠٠٢ ، سیمای شیعری دوای ڕاپەڕین ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سەردەم
٦ - پیرباڵ ، فەرهاد ( د ) ، ٢٠٠٩ ، ڕێبازە ئەدەبیەکان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ، لەورێژە ، سلێمانی.
٧ - مستەفا ، عومەر ئاسۆ ، ٢٠٠٩ ، بەهائیستاتیەکانی شیعر ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ، دهۆک
٨ - ئەحمەد ، پەخشان سابیر ، ٢٠١٢ ، ڕەز لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا کرمانجی خواروو ، کوردستان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
٩ - عوسمان ، هەڵمەت عەلی ، ٢٠١٠ ، چیرۆکی هونەری کوردی ، چاپی دووەم ،هەولێر.
١٠ - مەحوی ،محمد ( د ) ، ٢٠٠٩ ، زانستی هێما ، هێما واتا والێکدانەوە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پەیوەندی ، سلێمانی.
١١ - مارف بەرزنجی ، عومەر ، ١٩٧٨ ، لێکۆلینەوەی ، پیلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ( ١٩٢٥ - ١٩٦٩ ) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بغداد.

١٢ - حسێن عارف ، ٢٠١١ ، لێکۆلینەوەی ، چیرۆکی هونەری کوردی ( ١٩٢٥ - ١٩٦٠ ) ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر.
١٣ – مەحمود، ئازاد ، ئەحمەد ، ٢٠٠٩ ، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ( ١٩٨٥ - ٢٠٠٥ ) چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .
١٤ – محمد، ئەمین دڵشاد ، ٢٠١٩ ، ئەزموونی تەیب جەبار لەشیعر و ڕەخنەدا ، چاپی یەکەم ، سلێمانی.
١٥ – ئەدهەم، حوسەین سەید ، ٢٠١٨ ، گوفری شیرین ، دەربارەی تەسەوف و عیرفان ، چاپی یەکەم ، چایخانەی گەنج ، سلێمانی.
١٦ – سەباح، بەرزنجی ( د ) ، ٢٠٢٠ ، خاڵ لەسەر پیشەسازی ، چاپی یەکەم ، ناوەندی ڕێنویسن ، سلێمانی.
١٧ - حەمە غەریب ، تەحسین ، ٢٠١٩ ، ئەدەب وەک ڕزگارکەر ، چاپی یەکەم ، ناوەندی گەشە ، بەرگی چوارەم.
١٨ – نەجمەدین، پشکۆ ، ٢٠١٧ ، دەروازەی عیشقی مەولانا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی چوارچرا.
١٩ – جیبە، شاڵاو ، ٢٠١٨ ، سوڵتان غەزەلەکانی مەولانا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تاران .

٢٠ – ئەمین، محمد دڵشاد جەلال ،٢٠١٩ ، ئەزموونی تەیب جەبار لە شعر و ڕەخنەدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی سلێمانی.
٢١ - مەلا کەریم، محمد ،٢٠٢١، دیوانی بێخود ، کوردی و فارسی مامۆستا مەلا مەحمود ، چاپی یەکەم . چاپخانەوەو بڵاوکردنەوەی ، کوردستان .
٢٢ - عەزیزی حوسێن مەحمود ،٢٠٠٤، یاقوت و زەرووشی کورد ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی شڤان .
٢٣ - حەمە خەریب، تەحسین ،٢٠١٩ ، ئەدەب وەک ڕزگارکەر ، چاپی یەکەم ، بەرگی دووەم ، کتێبخانەی گەشە .
٢٤ - د .شکار، سەبور عبدولکەریم ،٢٠١٤ ، ڕەنگانەوەی کەسێتی و دنیابین حەلاج لەشکرین ، کلاسیکی کوردی و فارسی ، بەتایبەت لای مەحموی و حافزی شیرازی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی تاران .
٢٥ –مەلا عەبدولکەریم، مودەریس ، ١٩٦٨، دیوانی مەحموی ، چاپی شەشەم ، بڵاوکردنەوەی کوردستان .
٢٦ – موحەمەد، عبدلرزاق ، ١٣٩٥، دیوانی وەفا ، چاپی سێیەم ، بڵاوکردنەوەی کوردستان .
٢٧ – خەزنەدار، مارف(د) ، ٢٠٠٦، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی یەکەم ، بەرگی شەشەم ، بڵاوکردنەوەی تاران .
٢٨ - مەلا عبدولکەریم، مودەریس ، ٢٠١١، یادی مەردان ، شێخ نەقش بەندیانی هەورامان هەندێک لە دیوانەکانی مەنسوب و یارخان ، چاپی دووەم ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی ئاراستە-هەولێر .
٢٩ - حەمە خەریب، تەحسین ، ٢٠١٩، ئەدەب وەک ڕزگارکەر ، چاپی یەکەم ، بەشی حەوتەم – بێخود - کتێبخانەی گەشە – بڵاوکردنەوە .

## سەرچاوەی عەرەبی

١ – عاسف، جەورا نصر ، ١٩٧٨ ، الرمز للشعر ، عند للصوفی ، التبع الاولی حقوق صحیح محفوظە ، هذا لکتاب بحث جامعة.

## سەرچاوەکان بە فارسی

١ - ( ذو القدر )، میمت میرصادقی ، ١٣٧٣ ، واژە نامە ، هنر شاعیر ما ، چاپ اول-چاپ - میهن مهناز محفوز است.

## نامە ئەكادیمیەكان :

١ - ئەحمەد ، تالیب محمد ، ٢٠٠٠ ، هێما لەچیرۆكی هونەری كوردی كوردستانی باشوور ، نامەی دكتۆرا ، زانكۆی سەلاحەدین .
٢ - ئەحمەد ، پەخشان سابیر ، ٢٠٠٢ ، ڕەمز لەشیعر ، هاوچەرخی كوردیدا ، كرمانجی خواروی كوردستان عیراقدا ( ١٩٧٠ - ١٩٩١ ) نامەی دكتۆرا ، زانكۆی سەلاحەدین .
٣ – مەعروف، كەمال ، ٢٠٠٥ ، ڕەمز لەشیعرەكانی شێركۆ بێكەسدا ، سیمینار ، زانكۆی سەلاحەدین ، كۆلێژی زمان .
٤ – عەبدولقادر، شێرزاد ، ٢٠١٤ ، لادان لەشیعری ( ڕەفیق سابیر ) دا . نامەی ماستەر ، سلێمانی .
٥ – حەسەن، گەردی سەردار ئەحمەد ، ٢٠٠٢ ، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعر ، كوردیدا ( ١٩٧٠ - ١٩٩١ ) نامەی دكتۆرا ، زانكۆی سلێمانی .
٦ – عەلە، عومەر پەری ، ٢٠١٦ ، شیعرە كوردیەكان ، بێخود : ژانر ، بابەتە شێوازێنیان ، نامەی ماستەر ، زانكۆی سلێمانی .
٧ – ئەحمەد، حوسێن گوڵەباخ ، ٢٠١٦ ، ئەزوونەی شیعری كوردی ڕۆژهەڵات كوردستان كرمانجی ناوەڕاست ( ١٩٨٠ - ٢٠١٤ ) ، نامەی ماستەر ، زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر.

## گۆڤارەكان:

١.عەبدوڵا،ساڵح عەباس،٢٠١٥،هێماگەری ڕەنگدانەوەی لەشعری چەند شاعرێكی كورد. (نوسەری كورد)دا.زانكۆی سەلاحەدین

٢.فەرەج،دیلان سەلام،ئەحمەد،میرە،٢٠٠٠، لادانی واتایی لەشیعری ژنە شاعیرانی كورد.لەباشووری كوردستان.ساڵانی(١٨٨٠-٢٠٠٠) زانكۆی سلێمانی.ژ.١٦٧

٣.ئەحمەد،عەبدوڵا ٢٠٢٠،لێكۆڵینەوەی تەصوف وسۆفیگەری سەرهەڵدان وقۆناغەكانی گەشەكردنی. زانكۆی كۆیە. گۆڤاری بەیان. ژ٦٧

## چاوپێکەوتن:

١.سیوەیلی،کامەران،٢٠٢٢/٤/٨، بابەتی عیرفان